
# مرۆڤ



نووسین و وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە:

نادر فتحی (شوانە)

ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی
سەرچاوە : ئینترنێت

زیاتر له سێ میلیارد ساڵە لەسەر پلانێتی ئیمه "ژیان" هەیه. ئەمڕۆ زۆربەی مرۆڤەکان پێیانخۆش نییە گوێ بیستی ئەوە بن کە مرۆڤ لێهاتوویی پرۆسەی پەرەسێنراوی مەیموونەکانن (لانی کەم زانست ئەمڕۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە). زانست دەڵی ئەو مەیمونانەی لە پرۆسەیەکی درێژی کاتیدا بوون بە مرۆڤی ئەوڕۆیی بریتین له مرۆڤی مەیموونی کە "شامپانزەکان" ، "گوریلەکان" و "ئۆران ئۆتانەکان" دەگرنەوە. دیارە ئەو بۆچوونە هەڵمی ناو گەدە نییە و لێکۆڵینەوەیەکی ساڵیانی درێژی زانایانی ئەو بوارەیە کە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، بەڵگەیەکی زۆریشیان کۆکردۆتەوە.

بەداخەوە بەهۆی زەختی ئایینی لەسەر کۆمەڵگای ئێمە، هەرکەس تەنانەت باسی ئەو بۆچوونانەش بکات، بە کافر و بابی و دژبە ئایین دادەنرێ. بەبڕوای من ئەوە ئەرکی هەرکام لە ئێمە مرۆڤەکانە، جیاواز لە هەر بیر و باوەڕێکی کە هەمانە گوێ بیستی هەموو لایەنەکان بین و بۆ ڕوونکردنەوەی ناشەفافییەکان بە هەڵسەنگاندن و لە پەنایەکتردانانی بەڵگەکانی لایەنەکان، واتە "بەڵگەی ئایینی و بەڵگەی زانستی" بڕیار بدەین. ئەو نووسراوەیە بە شێوەیەکی ساکار بۆ تێگەییشتنی گشتی ئامادەکراوە و زۆر بە قووڵی نەچوونەتە ناو بابەتەکانەوە. هیوادارم لە نووسراوەکانی داهاتوو دا بتوانم بە بەڵگەی زۆرتر، لە روانگەی زانستەوە لاوەکانمان سەبارەت بەو بۆچوونانە ئاگادار کەمەوە.

لێرەدا لە ناخی دڵمەوە سپاسی کاک مەنسور سدقی دەکەم کە بەسەر ئەو نوسراوەدا چۆتەوە و بۆ دیتنەوەی وشە یارمەتیی داوم.

نادر فەتحی (شوانە) جۆزەردانی ۲۰۰۹ی زایینی

## پێرست:

پێرست:.................................................................. ٣
پێش گوتە :............................................................... ٥
بەشی یەك: لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ ........................................ ٧
ئایا ئێمە لە وەچەی مەیموونەکانین؟....................................... ٧
چلۆن مرۆڤ بەسەر گۆی زەویدا بڵاو بوونەوە؟ ........................ ١٠
بۆچی مرۆڤی رەش، سپی، زەرد و ڕەنگاوڕەنگ هەن؟.................. ١٤
چلۆن جیاوازیی مابەینی مرۆڤ و ئاژەڵ دیاری دەکرێ؟................ ١٨
فەرهەنگ چییە؟ ......................................................... ٢٢
بەشی دوو: لە ڕاوکەر و کۆکەرەوە بەرەو شارستانییەت ................. ٢٥
مرۆڤی سەردەمی بەردێن چلۆن ژیاون؟ .................................. ٢٥
کار لەسەر زەوی و وەرزێر چلۆن پێکهاتوون؟ ........................... ٢٧
کام یەک لە ئاژەڵەکان دەستەمۆ کران؟.................................... ٣٠
بەهۆی کشتوکاڵەوە چ گۆڕانکارییەک پێکهات؟ ............................ ٣٢
شارەکان چۆن پێکهاتن؟ ................................................... ٣٦
فەرهەنگی شارستانییەت بە چ مانایە؟ ...................................... ٣٩
بەشی سێ: مرۆڤ بە گشتیی ................................................ ٤٣
بنەماڵە چییە؟ ............................................................ ٤٣
مرۆڤ چلۆن دەتوانن  لە کۆمەڵگای گەورەدا بژین؟........................ ٤٧
بۆچی مرۆڤ دژ بە یەکتر شەڕ بەڕێوەدەبەن؟.............................. ٥٢
تێکنیك و پێشکەوتنی چەک چ کاردانەوەیەکی هەبووە؟ .................... ٥٥
مانای پارە و سەودا چییە؟................................................. ٥٨
بەشی چوار: بیرمەندەکان و هونەرمەندەکان ................................ ٦١
بۆچی مرۆڤ باوەڕی بە خوداکان هەیە؟..................................... ٦١
ئێمە مانای"چاکە" و "خەراپە" لەکوێوە دەزانیین؟ .......................... ٦٦
مەبەستی مرۆڤ لە خوڵقاندنی هونەر چییە ؟.................................. ٦٩
زانست چلۆن پێکهات؟ ..................................................... ٧٣
بەشی پێنج: ئەندازیاران و پسپۆران........................................ ٧٨
گرنگترین دۆزراوەکان کامانن؟ ........................................... ٧٨
مرۆڤ دنیای خۆی چلۆن وێنا دەکات؟...................................... ٨٢

ئایا مرۆڤ دەبێتە هۆی تووناکردنی ژینگەی خۆی؟ ........................٨٤
ئایا دەتوانین ژینگە و زەوی رزگار بکەین؟ ..................................٨٨

# پێش گوتە :



لە ناو هەموو گیانلەبەراندا هیچ زیندەوەرێک بە قەرا مرۆڤ گۆڕانکارییان بەسەر زەویدا نەهێناوە. مرۆڤ لێرەوار دەکێڵێ بۆ بەرهەمهێنانی میوە، گوند و شار دروست دەکات، چەرخی دۆزییەوە، داشقە، ئۆتۆمبێل و کەشتی هەروەها شەمەنەفەر و فڕۆکەی دروست کردوە. پیرامید (هەرەم)ی وا مەزنی خوڵقاندووە، بەنداوی گەورە ساز دەکات. کتێب بە زمانە جۆرواجۆرەکان دەنووسێت، موسیقای خوڵقاندوە و زمانی پێکهێناوە و هتد... بە هۆی چاوەدێری، تاقیکردنەوە و بیرکردنەوە، هەوڵی تێگەییشتن لە دنیای دەوروبەری خۆی لە ماکە بچکوولەکانەوە تا ماکرۆ و دنیای بێ کۆتایی بۆشاییی، دەدات. تەواوی ئەو تواناییانەی بەهۆی گەشەسەندنە، کە بە درێژایی میلیۆنان ساڵ هێزی بیرکردنەوە، هەست، جوانکاری، پێداویستیی و لێهاتوویی پێکیهێناون.


ئەو نووسراوەیە باس لە بارودۆخی مرۆڤ لە کاتەکانی زۆر کۆنەوە تا ئێستا دەکات و بە لەبەر چاوگرتنی ئەویکە "هەرکەس رابردووی خۆی بناسێت، لە ئێستای خۆی تێدەگات و دەتوانێت پلان بۆ داهاتووی دابڕێژێت"، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەداتەوە :

**چ شتێک مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی تر جیا دەکاتەوە؟**
**بۆچی مرۆڤ بەو جۆرەیە کە هەیە؟**
**چۆن مرۆڤ توانی ببێتە سەروەری دنیا؟**
**ئەو لێهاتووییەی لە داهاتوودا چی لێ بەسەر دێت؟**

## بەشی یەك: لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ

### ئایا ئێمە لە وەچەی مەیموونەکانین؟

ساڵی ١٩٧٤ لە ناوەچەی "ئافار"ی ئیتیۆپی ئەمریکاییەک بە ناوی دۆناڵد جۆنسون"Donald Johnson" دۆزینەوەیەکی سەیری کرد. لە گەڕان بەدوای وەچەی ئینساندا لە لێژایی کێویێک ژمارەیەکی زۆری ئێسقان دۆزییەوە کە هەموویان لە پەیوەندی لەگەڵ تەنیا سکلێتێک و ئێسقانی سەری شێوە مەیموونێک دا بوون.



دۆناڵد جۆنسون"Donald Johnson"

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دۆزراوەیە دیاریی کرد ئەو ئێسقانانە هی ژنێک بووە کە نزیکەی ٣ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ژیاوە،


باڵای ١ متر و کێشی ٣٠ کیلۆ بوە و دەبوو وەک مرۆڤ قیت بەرێدا ڕۆیبێت! تا ئەو کاتە زانستی مرۆڤایەتی دۆزینەوەی ئاوا لەمێژینە و کۆن کە ئێسقانەکانی تەواوی گیانلەبەرەکەی بە پتوونی دەگرتەوە، بە خۆیەوە نەدیبوو. ئەو ژنە پەیوەندییەکی زۆر ئاشکرا و بەڵگەیەکی ڕوونی مابەینی مرۆڤ و مەیموونی دەسەلماند. ئەو ژنە بە لووکی"Lucky" ناوبێژ کرا. "لووکی" نەدەتوانرا نە بە مرۆڤ بناسرێت و نە بە مەیموون. ئەو هەواڵە ئەو کات لە تەواوی دنیادا دەنگی دایەوە. هەزاران ساڵ مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە لایەن خودا هەر وەک لە کتێبە ئاینییەکاندا هاتووە، بە شێوەی "ئادەم و حەوا" یەکەمین مرۆڤەکان خوڵقاون!

لە کتێبی ئایینی ئینجیلدا نووسراوە : "خودا لە خۆڵ و لیم شکڵێکی دروست کرد و گیانی لەبەر هێنا کە بووە هۆی خوڵقاندنی "ئادەم"، یەکەمین مرۆڤی سەر جیهان"! ئەوڕۆ زانست دەڵێت کە مرۆڤ پێکهاتەی زیاتر لە ٣ ملیارد ساڵەی گەشەسەندنە کە هاوڕێ لەگەڵ هەموو گیانلەبەرانیتری ئەو جیهانە پێکهاتوون. باوەکوو گوتنی ئەو بۆچوونە ڕەنگە گەلێك دژوار بێت کە وەچەی پێشووی ئێمە مەیموون بوون، بەڵام "لووکی" یەکێک لەو بەڵگانەیە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە. مرۆڤ لە ناو هەموو گیانلەبەرانی سەر زەویدا جێگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە. بە هۆی توانایی کەڵک وەرگرتن لە مێشک و کارایی دەستەکانی و هەروەها زمان و نووسراوە، توانیویەتی لێهاتوویی و ئەزموونەکانی خۆی بە نەوەکانی داهاتووی راگوێزێ. مرۆڤ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیان و هەڵسوکەوت لەگەڵ پێکهاتەکان، دەشتوانێت داهاتووی خۆی دارِێژێت. مرۆڤ راکێت ساز دەکات، نەخۆشییەکان چارەسەر دەکات، بیر لە چارەنووسی گردون دەکاتەوە، کاری هونەری پێک دێنێت و

هتد... لەهەموو شتێک گرنگتر مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرێکە کە دەزانێت، رۆژێک تەمەنی کوتایی پێ دێت و دەمرێت.

## چلۆن مرۆڤ بەسەر گۆی زەویدا بڵاو بوونەوە؟

ژینگەی مرۆڤی کۆن لە سەرەتادا بە رۆژهەڵاتی ئافریقا مەزندە کراوە چونکە هەر لەوێش کۆنترین مرۆڤ دۆزراونەتەوە. هەر لێرەشەوە بۆ شوێنەکانی تر کۆچیان کردووە. هەروەها گەشەسەندن و گۆڕانی "مرۆڤ - مەیموون" بۆ مرۆڤی ئەوکات کە زانایان ناوی مرۆڤی سپی یا "هۆمۆساپییەن"یان لێناوە، هەر لە ئافریقا پێکهاتووە. یەک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی جیاوازی مابەینی ئەو دووە، گەورەبوونی مێشکی "هۆمۆساپییەن"ە کە بە کەڵک وەرگرتنی لێهاتووانە لە مێشکی، توانیوێتی گۆڕان لە ژینگە و شوێنی ژیانی پێکبێنێت.




کۆنترین و بەناوبانگترین گیانلەبەری مابەینی مەیموون و مرۆڤ ئاوسترائۆپیتێسوز"Austraopithecus" یان (مەیمونی باشوور)ە کە ئەو شێوەیەی تەنیا لە ئەفریقا دۆزراوەتەوە.

سەرەڕای ناوەکەی، ئەو ئیتر مەیموون نەبووە، چونکە ئەو بە شێوەی قیت بە ڕێگادا ڕۆییوە و گەورەیی مێشکی دووبەرامبەری شامپانزەی ئەوڕۆیی بووە (بارستەی ٥٦٠ سانتیمتری سێ گۆشە). بەڵام نێوچاوانێکی تەخت و بەهەڵسنەنگاندن لەگەڵ دەموچاوی شەویلکەیەکی تاڕادەیەک گەورەی هەبووە و بە ڕاەحەتی مرۆڤی ئەمڕۆیی نەیتوانیوە لەسەر دوو قاچی بە ڕێدا بڕوا. "لووکی"یش هەر شێوەیەک لەو وەچەیە، واتە (مەیموونی باشوور)ە. بەهۆی هەبوونی مێشکێکی بە بارستەی ٣٥٠ سانتیمتری سێ گۆشە و لە پەیوەندی لەگەڵ جەستەی بچووکیدا، بە ئاشکرایی گەورەتر لە مەیموونی ئەوڕۆیی بووە.

هۆمۆ هابیلیس "Homo Habilis" ، مرۆڤی مەیموونی بە بارستەی نیزیکەی ٦٧٠ سانتیمتری سێ گۆشەی مێشکییەوە، یەک لە مرۆڤە بەتواناکان بووە. ئەو لە بەرد وەک کەرەسە کەڵکی وەرگرتووە. کۆنترین بەڵگە بۆ بەکارهێنانی بەرد وەک کەرەسە، دەگەڕێتەوە بۆ ٢،٥ ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دۆزراونەتەوە. "هۆمۆ ئێرێکتوس" Homo erectus دواتر، واتە ١،٥ میلیۆن ساڵ بەر لەئێستا ژیاون و بەڕاشکاوی بارستەی مێشکیان گەورەتر و نیزیکەی ٩٠٠ تا ١٢٠٠ سانتیمتری سێ گۆشە بووە. ئەوان کەڵکیان لە ئاگر وەرگرتووە، کەرەسەی دارتاشینیان دروستکردوە، خانووچکەیان سازکردوە و ئاژەڵی وەک فیل و کەرگەدەنیان ڕاو کردووە. ئەو مرۆڤە کۆنانە لە ئەفریقاوە بەرەو ناوەچە فێنکەکانی ئورووپا و ئاسیا بڵاوبوونەتەوە. پاشان نیزیکەی ٣٠٠ هەزار ساڵ بەرلە ئێستا وەچەیان لەناو چووە.

٣٠٠ تا ٢٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا وەچەیەکیتر لە مرۆڤ بە ناوی هۆمۆ ساپییەن"Homo sapiens" لە ئەفریقا و ئورووپا

هاتوونەتە سەر گۆی زەوی کە جیاوازییەکی مەزنیان لەگەڵ "هۆمۆ ئێرێکتوس" هەبووە. ئەوەیکە "هۆمۆ ساپییەن" وەچەی پەرەسێنراوی "هۆمۆ ئێرێکتوس"بوون تا ئەوڕۆش نهێنی ماوەتەوە. گەورەیی مێشکیان یەک لە هەرە گرنگترین و بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانیەتی، کە نیزیکەی ١٣٠٠ سانتیمتری سێ گۆشەیە.



نئاندرتاڵ هۆمۆساپییەن

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤی کۆن بۆ "هۆمۆ ساپییەن" لە ئەفیقا و ئاسیا، مرۆڤێکیتر بە ناوی "نئاندرتاڵ" لە ئورووپا و رۆژهەڵاتی کۆن هاتنە سەر گۆی زەوی کە ١٠٠ تا ٣٥٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاون.

جێ پێی "هۆمۆ ساپییەن"ەکان کە ئێمەش وەک مرۆڤی ئەمڕۆیی بەشێک لەوانین، لە لایەن شوێنەوارناسانەوە لە ئەفریقا دۆزراوەتەوە کە باس لە ١٢٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەکات.

بەدوای لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەرکەوتووە کە ٩٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە ئیسرایل ژیاون و ٤٠ هەزار ساڵ پێش لە ڕێی ئاوییەوە لە ئاسیاوە کۆچیانکردوە بۆ ئوسترالیا. ١٥ تا ٣٠هەزار ساڵ پێش ئێستاش توانیویانە لە سیبیرییەوە بەرەو ئەمریکا و لەوێشەوە تا شیلی ئەوڕۆیی کۆچ بکەن.



## بۆچی مرۆڤی ڕەش، سپی، زەرد و ڕەنگاوڕەنگ هەن؟



ماوەیەکی زۆر پێش ئەمڕۆ مرۆڤی پێش ئێمە لەسەر لەشیان موویەکی گەلێك زۆریان هەبووە (تووکن بوون) کە بە تێپەڕبوونی کات جگە لە بەشێکی کەم، هەمووی لە ناو چووە و ڕژاوە. ئێمە ناتوانیین بزانین ئەوە کەنگێ ڕوویداوە، چونکە موو وەک ئێسقان نییە و زوو لەناو دەچێ و دەرفەتی پشکنین و لێکۆڵینەوە ناهێڵێتەوە. ئەویکە لەڕاستیدا بۆچی ئەو تووکە ڕژاوە، ڕوون نییە. هێندێک لە پسپۆڕان گومانی ئەوە دەکەن، مرۆڤەی ئەوکات لە ئەفریقا بەهۆی ڕاوکردنی ئاژەڵ و جووڵانەوەی خێرای بەو هەموو تووکەوە، نەیتوانیوە گرمای لەشی بە باشی بداتە دەرەوە و ئەوە بۆتە هۆی ڕژانی تووکی لەشی.

لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەدا مرۆڤی هەمە چەشن لە ڕوانگەی ڕەنگی پێستەوە دەبینرێن. ئەو جیاوازیی و ئاڵوگۆڕە بە درێژایی ساڵیانی زور پێکهاتوون کە نزیکەی ١٠٠ تا ٥٠ هەزار ساڵی خایاندووە. ئێستا ئەو باوەڕە هەیە کە یەکەم مرۆڤەکان ڕەنگی پێستیان قاوەیی (ڕەش ئەسمەر) بووە. ئەو ڕەنگە لە ڕوانگەی بیۆلۆژییەوە زۆر جێی باوەڕە، چونکە ماکەی ڕەنگی تاریک لە پێستدا، واتە مێلانین "Melanin" بۆ

بەربەرەکانی لە نەخۆشییەکانی وەک شێرپەنجە و نەخۆشییە پێستییەکان پارێزگاریی لە هەنبەر تیشکی تاوی زۆر بەتین دەکات. لە لایەکیترەوە، بەشێکی کەم لە تیشکی "ئەوپەڕی بەنەوش" بۆ مرۆڤ بەکەڵکە، ئەویش بۆ پێکهێنانی ویتامین D کە بۆ سلوولەکانی پێست زۆر پێویستە. بە پێی تاقیکارییەکان، ئەو مرۆڤانەی وا لە ژینگەکەیان تیشکی هەتاو کزە، ماکەی ڕەنگی تاریکی پێستیان لە ناو دەچێ، چونکە پێست بەهۆی کزیی تیشکی هەتاو ناتوانی ماکەی پێویست بۆ دروستکردنی مێلانین پێکبێنێ. وەک ئورووپاییەکان و بە تایبەت بەشی باکووری کە بە هۆی کزیی تیشکی هەتاو ڕەنگی پێستیان زوور سپییە. لە ئاسیا و بەپێی ناوچە جۆراوجۆرەکانی، پێست لە ڕەنگی زەردەوە تا قاوەیی تاریک لەخۆ دگرێت.


ئەفریقایی


ئاسیایی

جیاوازییەکانی ڕەنگی پێست لە زۆربەی ناوەچەکاندا بستراوەتەوە بە تایبەتمەندییەکانیتری مرۆڤ. لە باشووری بیابانی ئەفریقا، مرۆڤ هەن کە نەك هەر لە ڕوانگەی پلەی ڕەنگی پێست (قاوەیی تیرە تا ڕەشی تەواو)، بەڵکوو ڕەنگی چاوی قاوەیی تاریک و قژی فڕ و ڕەش و لێوی ئەستوریان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مرۆڤ زۆربەیان ڕەنگی پێستی زەردی مەیلەو ئەسمەر و مووی ڕەشی ساف و چاوی بادامی و دەموچاوێکی ساف و لەشێکی بێ تووکیان هەیە. ئورووپاییەکان

زۆربەیان پێستێکی ڕۆشن و ڕەنگی چاویان شین، قاوەیی یا سەوزە و موویەکی سافی کاڵ یان مەیلەو ڕەشیان هەیە.

پسپۆڕان مرۆڤیان بەسەر سێ دەستەدا دابەش کردوون : "نیگرید"، (Negieden) "مەنگۆلید" (Mongoliden) و "ئوورووپید" (Europiden). بەڵام سەرەڕای ئەوەش مرڤ هەن کە لە هیچکام لەو سێ گرووپەدا جێیان نابێتەوە وەک : "هۆتنتۆت"ەکان و "بووشمەن"ەکان لە ئەفریقا، "ئاینو" لە ژاپۆن و هەروەها مرۆڤە زۆر کۆنەکانی ئوسترالیا.
"ڕەگەز"ەکان گرووپێکی جیاواز بەخۆیان نیین بەڵکوو تەنیا لە باری شکڵ و شەمایلەوە جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە سوئێدی کاڵی قژ زەرد و ئیتالیایی ئەسمەری قژ ڕەش، هەردوویان ئورووپین.




سوورپێستی ئەمریکی

لەڕاستیدا چەمکی ڕەگەز لە پڕۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤدا جیاوازیی تایبەتمەندیی چۆنیەتیی شکڵ و شێوەی مابەینی مرۆڤە. ئەوەیکە مرۆڤ لە ڕوانگەی کولتووری یاخود تایبەتمەندەییەکانی ترەوە، وەک زمان و ئایین و دابونەریت و ...

جیاوازن، هیچ پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە. مرۆڤ نابێ بەهۆی ڕەگەزێکی تایبەتەوە مرۆڤ هەڵسەنگێنێت. هەر مرۆڤێك بایەخی تایبەت بەخۆیان هەیە و هیچ جیاوازییەک وەک ڕەنگی پێست، زمان، ڕەنگی قژ و ... یەکیان لەویتر بایەخدار و ماقووڵتر ناکات.

## چلۆن جیاوازیی مابەینی مرۆڤ و ئاژەڵ دیاری دەکرێ؟



دوای لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان لەمەڕ جیاوازیی مابەینی "ژێنی میراتیی" مرۆڤ و مەیموون، بە سەرسووڕماوییەوە ڕوون بۆوە کە نیزیکایەتی ژێنی میراتی مرۆڤ و شەمپانزە ٩٨ لە سەدە. ئەو لێکۆڵینەوەیە سەلماندوویە کە مرۆڤ - مەیموون لە ڕوانگەی ژێنیتیکییەوە زیاتر بە ئێمە نیزیکە تا بە مەیموونەکانیتر. جگە لەوە بەهۆی چاوەدێریکردن، ڕوونبۆتەوە هەڵسوکەوتی شامپانزەکان زۆر لە هی مرۆڤ دەچێت. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش زۆر تایبەتمەندیی هەن کە جیاوازیی مابەینی مرۆڤی مەیموونی و مرۆڤ دیاری دەکەن. بۆ نموونە : مرۆڤ یەکەم گیانلەبەری شیردەرن کە بە شێوەی قیت لەسەر دوو پێ بەڕێدا دەڕۆن. مرۆڤ توانیویە لە کاتی ڕاودا لەسەر پێ ڕاوەستێ یاخود بجوڵێتەوە و هاوکاتیش بتوانێ لەهەر دوو دەستی بۆ کارەکانیتری کەڵک وەربگرێت.

مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە دەستی بۆ دروستکردنی کەرەسەی پێویست بۆ ژیانی وبەتایبەت بۆ ڕاو، توانیویە ئاژەڵی

زۆر لەخۆی بەهێزتر لەناو بەرێ و ماوەی تەمەنی خۆی لەو ناوچانەی تێدا ژیاوە زیاتر بکات. بۆ پارێزگاریی لەخۆی بە ئاگاییەوە کەرەسەی بەرد و داری نووکتیژی دروستکردوە و لە دار هەم بۆ دروستکردنی ئاگر و هەم بۆ سازکردنی کەپر و خانووچکە کەڵکی وەرگرتووە. لە کاری رۆژانەی مرۆڤدا کەم کار هەن کە کەڵک لە دەست وەرنەگیرێت. دیارە هاوکاتیش بۆ ئەو کارانە کەڵکی لە گرنگترین ئەندام، واتە مێشکی وەرگرتووە.



مێشکی مرۆڤ یەکێک لە گرنگترین و ئالووزترین و بەکارهاتووترین ئەندامی لەشە لە نێوان هەموو گیانلەبەراندا. پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد یەکەی دەماریی کە لە پەیوەندی چەند لایەنەی مابەین دەمارەکاندا نەك هەر کارەکانی لەشیان وەئەستۆ گرتووە، بەڵکوو ئەو زانیارییانەی وا بەهۆی هەستەکانییەوە پێی دەدرێ، بە کارلێکەریی هێزی توانایی و گۆڕانکاریی، وێنەیەکی تایبەت بۆ دنیای دەوروبەری بۆ ساز کردووە. بەڵام واش نییە کە مێشکی مرۆڤ لە ڕوانگەی فیزیکییەوە جیاوازییەکی سەرەکی و مەزنی لەگەڵ مێشکی

شامپانزەدا هەبێت. زۆر یەک لە کردەوەکان بۆنموونە توانایی فێربوون و توانایی پاشەکەوتکردن لە مێشکدا لە هەردووکیاندا بەدی دەکرێ. تەنانەت توانایی تێگەییشتن لەمابەین گرووپەکانی ناو جیهانی ئاژەڵدا بە ڕاشکاویی هەیە و هەستی پێدەکرێت. شەمپانزەکان هەروەک تاقیکارییە نوێیەکان نیشانیان داوە، دەتوانن ویستی خۆیان بەرنامەڕێژی بکەن یاخود بۆ کار لە کەرەسەی سادە کەڵک وەربگرن و تەنانەت درۆش بکەن. ئەگەرچی مێشکی مرۆڤی ئەمڕۆیی لەچاو لەشی، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مێشکی شامپانزە دوو جار گەورەترە، بەڵام جیاوازییەکی وا بچووک، سوودێکی ئاوا مەزنی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی هەستپێکردن و توانایی بیرکردنەوە و لێهاتویی ژیربێژی، بڕیار بۆ ئەرکەکانی بدات. ئەو دەتوانێ داهاتوو بەرنامەڕێژی بکات و جیاوازیی مابەین چاک و خراپ بزانێت. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، خاوەنی لێهاتوویی دانانی زمان بۆ تێگەییشتن لە یەکتر و ڕاگوێستنی زانیاریی بۆ نەوەکانی داهاتوویەتی. ڕەنگە لە لای مرۆڤە سەرەتاییەکان تەنیا لە ڕێوڕەسمەکاندا و لە کاتی ڕاو و ژیانی ڕۆژانە دا هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەیەکتر درابێ! بەڵام تەنیا زمانێکی سادە بەس بووە بۆ پەیوەندی و لێک تێگەیشتنی مرۆڤ. زمان، خێرایی دەدا بە پەرەسەندنی فەرهەنگ و داب و نەریت. لەسەر دنیای ئەوڕۆ سەدان زمان ئاخەفتنیان پێدەکرێ و گەلێك زمانیش بە پێی کات و بەهۆی کەڵکلێوەرنەگرتنی لەناو چوون. ئەو زمانانە تەنیا لەباری وشەوە جیاوازییان نییە بەڵکوو لە هێندێک لە زمانەکان، بۆ نموونە ئەفریقایی و چینی، وشەیەک بە دەنگی جۆراوجۆر کە لە گەروو تێپەڕدەبێت، مانای جۆراوجۆریش پەیدا دەکات. بەڵام ئەوە ڕوونە کە زمان ئاوێنەی فەرهەنگ و ژینگەی هەر نەتەوەیەکە. تەنانەت زمانە هەرە بچووکەکانی دنیا کە ڕەنگە بە نووسراوەش کەڵکیان لێ وەرنەگیرێت، بە شێوەیەکی زۆر هەمەلایانە پڕ وشە و دەوڵەمەندن. بۆ نموونە، لە زمانی

سوورپێستەکاندا هەزاران ناو بۆ گوڵ و گیا و سەدان بۆ جێژن و نەریتەکانیان و شتە تایبەتەکانیان هەیە. ئیسکیمووەکان بۆ هەرکام لە شێوەکانی سەهۆڵ وشەی تایبەت بە خۆیان بۆ خوڵقاندوون بەڵام بۆ بەفر هیچ وشەیەک شک نابن!





بیری ئایینی لە هەروڵاتێک شێوەی تایبەت بەخۆی هەیە. وێنەی چەپ ڕێورەسمێکی ئایینی لە ئاڵمان و وێنەی ڕاست یۆگا لە وڵاتی هیند نیشان دەدات.

## فەرهەنگ چییە؟

تەنانەت بەشێک لە ئاژەڵەکانیش توانایی ڕاگرتنی دابونەریت و ڕاگوێزتنیان بۆ گرووپەکانی دیکەی خۆیان هەیە. جۆرێک مەیموونی ژاپۆنی هەن بە ناوی "ماکاکن" چەند چاوەدێر سەیری یەک لەو مەیموونانە دەکەن کە پەتاتەیەک لە ئاوی ڕووباردا دەشواتەوە و پاشان دەیخوات. دوای ماوەی ٥ ساڵ هەموو میموونەکانیتر ئەو کارە دووپات دەکەنەوە. لە بریتانیا مایزەیەک (چەشنێک باڵداری چکوولەیە وەك چۆلەکە) دۆزییویەتەوە کە چلۆن دەتوانێت بە ساکاریی ئەو شیرەی بەیانان لە لایەن شیرفرۆشەکانەوە لەبەر دەرگای ماڵان دادەنرێن و سەرەکەیان بە کاغەزی ئالومینیۆمی داپۆشراون، هەڵپچرێت و بیخواتەوە. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مایزەکانیتریش ئەو فێڵە فێر دەبن!

ئێمە دەتوانیین بڵێین، ئەو شتانەی وەک: زانین، توانین، هەڵسوکەوت و ... کە هیچکامیان میراتی نین، یاخود لە زگی دایکەوە بە ئێمە نەگەیشتوون بەڵکوو مرۆڤ لە پڕۆسەی ژیانیدا فێریان دەبێت و بە وەچەی داهاتوویان دەسپێرێ، ناوی "فەرهەنگ"ی لێ بنێین.

ئاژەڵەکان تەنیا ئەو هەڵسوکەوتانە و هەروەها زانستی نوێ بە شێوەی چاوەدێریکردن و لاساییکردنەوە فێر دەبن. لە بەرامبەردا مرۆڤ بەهۆی زمان و گێڕانەوە و نووسراوە دەتوانن لە ئەزموونی مرۆڤەکانیتر کە لە کاتەکانی پێشتر و لە شوێنی دیکە تاقییان کردۆتەوە، کەڵک وەربگرن و لێی ئاگادار بن. مرۆڤ دەتوانێت بیرۆکەی نوێ پێکبێنێ و بە مرۆڤەکانیتری

بگەیینن. ئەزموون و زانستی مرۆڤ، پاش مردنیان لە ناو ناچێت بەڵکوو وەچە بە وەچە رادەگوێزرێت و بەو شێوەیە زانستی مرۆڤ پەیتا پەیتا دەوڵەمەندتر دەبێت. بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو زانیارییانە مرۆڤ توانی شارستانییەت و کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووی تێکنیکی پێک بێنێ و خۆی بکاتە حاکم و خێوی ئەم جیهانە. بە هۆی ئەو ئەزموونانەوە، ماوەی مابەینی پرۆسەی سازکردنی کەرەسەی بەردێن تا دروستکرنی بۆمبای ئەتۆم زیاتر لەچەند دەهەزار ساڵی نەخایاندووە.

بەڵام ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنانە لە هەموو ناوەچەکانی جیهاندا هاوکات بەڕێوە نەچووە. مرۆڤ لە ناوچە جۆراوجۆرەکان هەرکام زمان، خوو و خدە، هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە و هەرکام لەوان لە بازنەی فەرهەنگیی خۆیاندا گەورە بوون. جیاوازیی مرۆڤەکان لەوەدایە: بە چ زمانێک ئاخافتن دەکەن، لە چ ڕوانگەیەکەوە سەیری دنیا و مرۆڤەکانیتر دەکەن، چ ئایینێکیان هەیە، بە کام نەتەوە دەناسرێن، چ کارگەلێک بە گرنگ دەزانن و چلۆن دەیانهەوێ ئەو کارانە بەڕێوەبەرن.

لای بڕێک لە نەتەوکان بۆ نموونە، مڵچەمڵچ کردن لە کاتی خواردندا زۆر ئاساییە و لای نەتەوەکانیتر کارێکی ناحەز و ناپەسەندە. لە ئورووپا ڕەنگی ڕەش نیشانەی نارەحەتی و ناخۆشییە و لای چینییەکان ڕەنگی سپی. گۆشتی خووک لە لای موسوڵمان و جوولەکە و گۆشتی گا لای هیندییەکان خواردنیان حەرامە. لە ئورووپا گۆشتی نینۆکە شەیتانە ناخۆن و بێزی لێدەکەن لە کاتێکدا لە ئەفریقا زۆر بە ئیشتاوە دەیخۆن.

لە پەیوەندی و ئاشنابوون لەگەڵ فەرهەنگەکانی بێگانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆریەک لە دابونەریتەکانی کە تا

ئێستا لامان ئاسایی بووە، لای نەتەوەکانیتر زۆر نائاسایی و سەیر و تەنانەت هەڵەیە! تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نموونەی زۆرمان هەبووە کە ئەو جیاوازییە فەرهەنگییانە زۆرجار بوونەتە هۆی ناکۆکیی مابەین نەتەوەکان و تەنانەت شەڕی خوێناوی درێژخایەن. لەڕاستیدا هیچکام لەو فەرهەنگ و نەریتانە باشتر یا خراپتر لەوانیتر نین.




## بەشی دوو: لە ڕاوکەر و کۆکەرەوە بەرەو شارستانییەت

### مرۆڤی سەردەمی بەردین چلۆن ژیاون؟

کاتێک مرۆڤ لە قوڕنەی ئافریقاوە بەسەر گۆی زەویدا بڵاو بوونەوە، ژیانیان بە شێوەیەکی سادە بەڕێوەچووە و خاوەنی کەرەسەی زۆر کەمی ژیان بوون. بەهۆی دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسی، زۆربەی کەرەسەی ئەو مرۆڤانە لە بەرد دروستکرا بوون، بۆیە ئەو سەردەمە بە سەردەمی بەردین ناونراوە. دەستپێکی ئەو سەردەمە لە ئەفریقا ٢،٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لە ئاسیا ٢ میلیۆن ساڵ و لە ئورووپا نزیکەی ١ میلیۆن ساڵ پێش ئێستا بووە. کۆتاییەکەی لە ئورووپای ناوەڕاست ٢٣٠٠ ساڵ پێش زایین، واتە نزیکەی ٤٣٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا بووە. ئەوە بەو مانایەیە کە زیاتر لە ٦٠ هەزار وەچەی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ژیاون.


سەدان هەزار ساڵ بەرلە ئێستا پیاوەکان دەستیان بە ڕاوکردن کردوە. ئەوکات تەنیا چەکیان نیزە و کەرەسەی نوکتیژی تر بووە کە توانیویانە ئاژەڵەکانی پێ بریندار کەن و سەرئەنجام بیانکووژن و لە گۆشتەکەیان بۆ خواردن و پەشم و پێستەکەی بۆ جل و بەرگ و دواتریش ئێسقانەکانی بۆ دروستکردنی کەرەسەی پێویست بۆ ژیان یان چەک و تەنانەت بۆ دروستکردنی شتی جوان بۆ ڕازاندنەوە، کەڵکی لێوەرگرن. یەکەم چەکی دوور هاوێژ وەک تیر وکەوان، ١٠هەزار ساڵ پێش زایین دروستکراوە. بەهۆی پێویست بوونی مرۆڤ بە ئاوی شیرین، لە پەنا ڕووبارەکان ژیاون، یان بە شێوەی کۆچەر

بەدوای ئاودا گەڕاون و ژیانیان تێپەڕکردووە. ژنەکان و منداڵەکان کارگ، تووشیرین، گوێز، هەنگوین، هێلکەی مەل و پنجی دار و درخت و گیایان کۆکردۆتەوە و تەنانەت ماسیشیان ڕاو کردووە.




## کار لەسەر زەوی و وەرزێر چلۆن پێکهاتوون؟


زیاتر لە ١٨ هەزار ساڵ پێش ئێستا هەندێک لەو ڕاوکەر و کۆکەرانە دۆزینەوەیەکی سەیریان کردووە. ئەو دانەوێڵانەی کۆیانکردبوونەوە و لە شوێنێک لە نزیکی ژینگەکەیان ئەمباریان کردبوون و ڕەنگە ماوەیەکی زۆریش لەسەر زەوی مابوونەوە، ڕواون و بوون بە گیا و داری نوێ. ئەوان ئەوەشیان دۆزیبۆوە کە پیوازی گوڵ یان دار، کاتێک ئاوی بدەن گەورە دەبن و بەرهەمەکەیان گوڵ و میوە دەبێ. ئەوە بوو بەهۆی نیشتەجێبوونیان لە شوێنێکی دیاریکراودا و ئیتر وەك کۆچەر وەدوای دیتنەوەی دانەوێڵە نەدەکەوتن.



کاتێک مرۆڤ لە شوێنێکی نەگۆڕدا نیشتەجێ بوون و گوندەکانیان پێکهێنا، لە پەنای ئەودا زەویوزارێکی دیاریکراو و گەورەتریان بۆ ئەو مەبەستە، واتە بۆ کشتوکاڵ تەرخان کرد. کشتوکاڵ لە سەرەتادا لە پێشەوەی ئاسیا دەستپێکراوە و دواتر لە

باکووری تایلەند و لەسەر ڕووباری نیل و بە بێ پەیوندی لەگەڵ ئەو ناوچانە، لە مکزیکیش کشتوکاڵ پەیدا بووە.





ئەمڕۆ بەتایبەت گەنم، برنج، گەنمەشامی و پەتاتە بوونەتە گرنگترین دانەوێڵە و خواردەمەنیی هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم هەردە. یەکێک لە کەرەسە هەرە گرنگەکان کە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین دۆزراوەتەوە، گاسن و هەوجاڕ یا کەرەسەی کێڵانی زەوی بووە. لە پەنا کشتوکاڵدا، کارێکی گرنگیتر واتە ڕاگرتنی ئاژەڵ و دەستەمۆ کردنیان و کەڵک وەرگرتن لە ئاژەڵ بۆ ئاسانکاری ژیانی مرۆڤەکان بووە.

## کام یەک لە ئاژەڵەکان دەستەمۆ کران؟



یەکەم ئاژەڵی هەڤاڵی مرۆڤ ١٤ هەزار ساڵ بەرلە ئێستا، سەگ بووە کە بەهۆی دەستەمۆکردنی چەشنێک گورگ پێکهاتووە. لەسەرەتاوە ئەو گورگانە لە دەوروبەری ژینگەی مرۆڤ بۆ خواردنی بەرماوەکانیان و دواتر بەهوی نزیک بوونەوە و خووگرتنیان بە مرۆڤ لە ڕاوکردن و پاسەوانی کردن یارمەتیدەریان بوون. ئاژەڵە خۆمالییەکان هەر هەموویان دوای نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە شوێنێکی نەگۆڕدا بوونەتە هاوژینی مرۆڤ. مەڕ و بزن، شیر و پەشمیان بۆ دابین کردوون و گۆشتەکەشیان لەگەڵ گۆشتی بەراز خواردەمەنی رۆژانەیان بووە. مراوی و مریشک و قازیش هەم هێلکەکانیان و هەم گۆشتە خۆشەکەیان بوونەتە خواردەمەنی سەر خوانی مرۆڤەکان. پشیلە، مشک و جرجەمشکەکانیان بۆ دەخواردن، کە ببوونە ملۆزمی لەناوبەری دانەوێڵەکانیان. نزیکەی ٦ هەزار ساڵ پێش زایین، مانگا و گاش بوونەتە هەوالی مرۆڤ.




هاوکات لەگەڵ ئەوانە دەبێ مرۆڤ ئەسبیشی ناسیبێ و بۆ بارهەڵگرتن و سوار بوون هەر وەک کەر و وشتر کەڵکی لێوەرگرتبێتن. لای هەموو نەتەوەکان و بە تایبەت مەغوولەکان و دواتریش سوورپێستەکان، ئەسپ بوو بە یەک لە گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانیان.

## بەهۆی کشتوکاڵەوە چ گۆڕانکارییەک پێکهات؟



کشتوکاڵ و ڕاگرتنی ئاژەڵ لایەنی زۆرباشیان بۆ مرۆڤ هەبوو. پێش ئەوانە مرۆڤ ناچار بوو بۆ تێرڕاگرتنی خۆی و بنەماڵەکەی لێرەولەوێ بەردەوام بەدوای ڕاوکردنی ئاژەڵدا بگەڕێ. ڕاگرتنی گۆشتەکەشی بۆ ماوەی درێژخایەن بەهۆی تێکچوونی بۆی مسووگەر نەدەبوو. بەڵام دانەوێڵە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕادەگیرا و ئەمبار دەکرا. بەتایبەت زۆر گرنگ بوو کە دەکرا بۆ ماوەی سەرمای زستان پێداویستیی خواردەمەنی دابین بکرێت. ژنان فێری نان دروستکردن بوون. سەرەڕای ئەوەش پیاوان بە تەواوی دەستیان لە ڕاوکردن هەڵنەگرت، بەڵام ئیتر وەک جاران زیندوو مانەوەیان تەنیا بە ڕاوکردنەوە نەبەسترابۆوە.



بەهۆی زۆر بوون و پڕ ڤیتامین بوونی دانەوێڵەکان و لەگەڵ ئەوانیشدا خواردەمەنییەکانی وەک نان ، گیا ، گوشت، مریشک، کەڵەباب، شیر و پەنیر و هێلکە و... مرۆڤ لە چاو سەردەمی پێشووی هەم لەباری خواردەمەنی بەکەڵک و هەم لە باری ئەوەیکە بۆ هەموویان بە ڕادەی پێویست خواردەمەنی هەبوو، مردنی بەکۆمەڵ کەمتر و لەئاکامدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکان بەرز بۆوە و ماوەی تەمەنیشیان درێژتر بوو.

کشتوکاڵ ئاڵوگۆڕی بەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤدا هێنا. وەرزێر و بنەماڵەکانیان گوندە بچووک و گەورەکانیان پێکهێنا. خانووبەرەیان لە قوڕ، گڵ، کا، دار و گیا دامەزراند هەروەها لە خوریی مەڕ و مەرەزی بزن جل و بەرگیان بۆ خۆیان دروست دەکرد.



یەریشۆ(Jericho) ٩٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر

بۆ بەربەرە کانی و بەهۆی ترس لە هێرشکردنی مرۆڤەکانیتر هەروەها هێرشی ئاژەڵە وەحشیەکان، دەبووبا هەر کام لە گوندەکان پارێزگاریان لەخۆیان کردبا. لەو وێنەیەدا شوێنەواری پتر لە ٩ هەزار ساڵ پێش زایینی یەریشۆ (ئەریحا-Jericho) نیشان دەدا کە بەرزایی دیوارەکەی ٦ میتر و بەرزایی بورجەکەی ٩ میترە. ئەوکات مرۆڤ لەترسی هێرشی دوژمن لە شوێنی وا سەیردا دەژیان.

شێوە و چۆنیەتیی ژیانی مرۆڤ بنەماڵە جۆراوجۆرەکانی داهاتووی پێکدەهێنا. ڕاوکەرەکان بەو هۆیەی تەنیا ژیانیان لەسەر ڕاوکردن و خواردن و تێرڕاگرتنی بنەماڵەکانیان ساغ ببۆوە، ژیانیان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەسەردا نەدەهات. بەڵام

ژیانی وەرزێرەکان بەهۆی هەبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و ڕاگرتنی ئاژەڵەکان، زیاترگەشەی دەکرد و بنەماڵەکەیان گەورەتر و دەوڵەمەندتر دەبوونەوە. بەو شێوەیە بنەماڵەی گەورە و دەوڵەمەند و بەهێز پێکهاتن.

لە مابەین وەرزێرەکاندا و بەهۆی ئاڵوگۆڕ لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیاندا، یەکەم سەوداکەرەکان پێکهاتن. بە پێی پێداویستییەکانی ئەوکاتی مرۆڤ وەک جل و بەرگ، کەرەسەی کارکردن، کەرەسەی یاریی بۆ منداڵان، دروستکردنی چەک و خوادەمەنی و زۆر شتیتر مرۆڤ هەرکام وەک کردەوە یەک لەم ئەرکانەیان وەئەستۆ گرت و بەمشێوەیە پیشەکان پێکهاتن. فێربوون و ڕاهاتنی مرۆڤ بە کردەوە تایبەتەکان و فرۆشتنی هەرچی زیاتری بەرهەمەکانیان، هەروەها پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانیتر، بووە هۆی ناسین و لێکنزیکبوونەوەیان و بەو شێوەیە حەشیمەت زیاتر و زیاتر بوونەوە.

## شارەکان چۆن پێکهاتن؟



کاتێک شوێنەوارناسان لەژێر زەوی ئاسەواری ژینگەی مرۆڤەکانی پێشوو دەدۆزنەوە، لەڕووی تایبەتمەندییەکانی شێوەی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمانە دەتوانن بزانن کە ئەو شوێنە شار بووە یان گوند. بۆ نموونە، ئەو کات بە گشتی خانووبەرە و کوشکی ناوەندی شارەکان لە بەرد یان لە خشتی سوور دروست دەکران. لێرەدا دەتوانین هەست بەوە بکەین کە ئیتر مرۆڤ لە ڕوانگەی بایەخە مرۆڤایەتییەکانەوە یەکسان نەبوون و شا و وەزیر و ماقوولان و سەرکردە ئایینیەکان و ... کە خاوەن هێز و توانای کۆمەڵایەتی بوون، لەسەرووی مرۆڤە ئاساییەکاندا جێیان گرتبوو.

پێکهاتنی شارەکان پەیوەندی بە مسووگەربوونی هێندێک تایبەتمەنی هەبووە. بۆ نموونە، وەرزێرەکان دەبوو بەرهەمی کارەکەیان زۆر زیاتر لەوە بایە کە خۆیان پێویستییان پێ هەبوو. یان دەبوو ناوچەکە لە نزیک ئاو هەڵکەوتبا. زۆربەی شارەکان

له پەنا ڕووبارەکان پێکهاتوون وەک: له پەنا چۆمی نیل، و ناوچەی "ناوچۆمان" (مێزۆپوتامیا) (کە کوردستانیش دەگرێتەوە، وەرگێڕ). لەو شوێنانەدا بە هۆی فراوانی ئاو و گەرمی کەش و هەوا، دانەوێڵەکان و گیا و باغی میوە باشتر پێدەگەیشتن و بەهۆی پڕبیت و بەرەکەتبوونی ئەو ناوچانە و لەرێگای راکێشانی رەهەندە ئاوییەکان، وەرزێران دەیانتوانی بە ئاسانی گیا و دار و کشتوکاڵەکەیان ئاو بدەن و بەرهەمێکی باشتر بەدەست بێنن. بوونی ڕادەی پێویست لەخواردەمەنی لەو ناوچانەدا، لەئاکامدا بۆتە هۆی گەورەبوونەوەی حەشیمەت و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەو شوێنانەدا. هەرچەندە ژمارەی مرۆڤ زیاتر بایە، بەو رادەیەش دەبا هەوڵ بۆ دابینکردنی لایەنەکانی ژیانی هاوبەش وەک ژینگە، ئاسایش و گوزرانی خەڵکی بدرایە کە ئەوەش خۆی بۆتە هۆی پێکهاتنی ناوەندەکان کە یاسای تایبەت بەوکاتیان پێکهێناوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیان دیاری کردوە. تەواوی ئەوانە بوونەتە هۆی پێکهاتنی شارەکان کە هەم لەباری ئاسایش و هەم لە ڕوانگەی گوزرانی ژیانەوە بارودۆخێکی تازەیان بۆ مرۆڤ پێکهێناوە. وەک پێکهاتنی دوو شاری هویوک"Hüyük" لە ئاناتۆلی و ئیریدوو"Eridu" لە "ناوچۆمان" نزیکەی ٦هەزار ساڵ پێش زایین. بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی پێداویستی کۆمەڵگا، مرۆڤ هەرکام پیشەیەکی تایبەتیان هەڵبژاردووە کە زۆرجاریش بە کوڕ و نەوەکانی داهاتوویان بەمیرات پێگەییشتووە. بۆ نموونە، نانەوایی، کوشتنەوەی ئاژەڵ بۆ فرۆشتنی گۆشتەکەی(قەسابی)، دروستکردنی کاسە و کوزە لە گڵ، دروستکردنی کەرەسە و چەک لە کانزای(مێتال)، دروستکرنی جل و بەرگ(جل دروو) و دروستکردنی خانووبەرە (میعمار)و... . و هەروەها بە پێی زانیاریی پیشەیی وەک: دوکتوور، نووسەر، ئەستێرەناس، فاڵگیر و سەلمانی(سەرتاش) و ... بە شێوەی گشتیی بەرەبەرە هەرکام لە مرۆڤەکان بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و

بنەماڵەکەیان خۆیان بە پیشەیەکەوە سەرقاڵ کردووە. خواردەمەنی، دانەوێڵە، کەرەسە، چەک و کەلوپەلی جوانکاری، دار، گۆشت، ئاژەڵ و ... بۆ ناوچەکانی دوور و نزیک دەبردران و بەمجۆرە یەکەمین سەوداچی و بازرگانەکان پێکهاتوون. بەشێک لە مرۆڤ کاروباری ناو شار، وەک باری ئاسایش و پاک و خاوێنی کوچە و کۆڵان و دانانی یاسا، و بە گشتی کاری بەڕێوەبردن و رێکوپێکی وهەڵسووڕاندنی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانیان لەسەر شان بووە و بەو شێوەیە یەکەم هەنگاو بۆ پێکهێنانی کاری خزمەتگوزاری و ئاسانکردنەوەی ژیانی مرۆڤ هەڵگیراوە. بە تەرخانکردنی لایەنی ماڵی و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە بە پێی توانایی ماڵی، ماڵیات بەسەر بەشدارانی کۆمەڵگا دابەش دەکرا.


## فەرهەنگی شارستانییەت بە چ مانایە؟



پێکهاتنی ئەوکاتی شارەکان، رۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەکردنی فەرهەنگی ئەمڕۆی ئێمە گێڕاوە. شارەکان جێگای چاوپێکەوتن و ناسین و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونی مرۆڤەکانی دوور و نزیکی ناوچە جۆراوجۆرەکان بوون. کۆبوونەوەی مرۆڤ لە شوێنێکی نەگۆڕ و ژیانی بەکۆمەڵ، بۆتە هۆی پێکهاتنی یاسا، زمان، نەریت، نووسراوە، زانست، بیرکاری، شوێنەوارناسی، رۆژژمێری، پزشکی، هونەر و زۆر لایەنی دیکەی تێکنیکی.

لەگەڵ ئەوانەشدا، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو هەموو مرۆڤانە کە دیواربەدیوار و لە پەنا یەکتردا دەژیان، دەبووا خواردەمەنییان دابین بکرێ، زبڵ و خاشاکیان جێبەجێ بکرێ،

سازکردنی شەقام و شوێنی حەسانەوە و نەخۆشخانە و ... زۆر شتی تر، بۆتە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ناو کۆمەڵگا.



تەواوی ئەومافانە واتە مافی گشتیی، هەڵسوکەوت، دابونەریت و هتد... دەبوو بەشێوەیەکی تایبەت دیاری و تۆمار بکرێن کە ئەوە خۆی بووە هۆی پێکهێنانی مێژووی نووسراوە و دواتر کارێکی گرنگتر واتە ڕاگواستنی گۆڕانکاری و ئەزموونەکان کە مێژوو و زانیاریی بۆ نەوەکانی داهاتووی دیاریی دەکرد. بۆ نموونە شارە کۆنەکانی سەردەمی سومێرەکان زانیارییەکی زۆریان سەبارەت بە مێژوو، گێڕاوە، چیرۆکەکان و... بە شێوەی کتێبخانە کۆکردبۆوە کە لە نووسراوەوە تا کەندەکاریی سەر بەرد و پێست و زۆر شتیتری لە خۆ گرتبوو. لە نێوەڕاستی سەدەی پازدەوە و بەهۆی داهێنانی کەرەسەی چاپ، ئەو زانیاریانە بەشێوەی کتێب و نووسراوەی چاپی تۆمار کراون. ئەمڕۆ زانیاریی کۆکراوەی مێژووی مرۆڤایەتی هێندە زۆرن کە بە دەیان میلیۆن کتێب کۆتاییان نایە. تەنانەت ئەوڕۆش هێمای فەرهەنگ و نەریت، هەر شارە گەورەکانن و هەر لەوێشەوە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات ڕێکوپێک دەکرێن. زۆربەی ناوەندە سەرەکییەکانی وەک بانک،

زانستگاکان، سینەما، شانۆ و شوێنی توێژینەوەی زانستیی و زۆر بواریتر لە پێتەخت یاخود شارە گەورەکان دامەزراون. ژیانی ناو شار بەرە بەرە سەرنجی مرۆڤەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەر بۆیە لە زۆربەی وڵاتەکانی دنیا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا حەشیمەتێکی زۆریان تێخزا. یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی حەشیمەتی شارەکان ئەوەیە کە مووچەی کریکاران بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گوندەکاندا زیاترە و لەباری هێزی کاریشەوە، کارکردن لە شار ئاسانترە تا لە گوند و سەر مەزرا.



کتێبخانەی نێونەتەویی نەمسا

بۆ نموونە ٧٧ لەسەدی ژاپۆنییەکان لە شار دەژین. نیۆیۆرک زیاتر لە ١٩ میلیۆن نفووسی تێدایە و لە توکیۆی ژاپۆنیشدا تەنانەت زیاتر لە ٣٤ میلیۆن کەس دەژین. بەداخەوە گەورەبوونەوەی شارەکان لایەنی نەرێنی خۆشیان هەیە کە دەبنە هۆی زۆربوونی کارخانە و هاتوچووی ئۆتۆموبێیل و لە ئاکامدا پیسکردنی ژینگە و هەروەها بەهۆی نفووسی زۆرەوە،

بەرزبوونەوەی پلەی تاوانکاریی و کردەوە خراپەکانی لێدەکەوێتەوە.

## بەشی سێ: مرۆڤ بە گشتیی

### بنەماڵە چییە؟

منداڵەکان کاتێکی زۆریان پێویستە تا زانیاریی و ئەزموونی کافیان هەبێت بتوانن خۆیان بەخێوکەن و لەسەر پێی خۆیان راوەستن. لە درێژایی ئەو ماوەیەدا پێویستییان بە شوێنێکی ئارام و هێدی هەیە بۆ راهێنان لەژێر سەرپەنایەک لە لایەن دایک و باوک و ژینگەوە، کە بنەماڵەی پێدەگوترێ. ئەورۆ زۆربەی بنەماڵەکان بریتین لە ژیانی هاوبەش لە مابەین دایک، باوک و منداڵەکانیان. ئەو چەشنە ژیانە واتە "دایک و باوک و منداڵ" لە ئورووپا و ئەمریکا زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە باوە. پێشتر بنەماڵەکان پاش زەماوەندکردنی منداڵەکانیان هەر لە دەوری دایک و باوک دەمانەوە و تەنانەت بەردەست و نۆکەر و کارکەرەکانیشیان هەر لەژێر ناوی بنەماڵە جێگا دەکردەوە. ئەو شێوە لە ژیانە، واتە بنەماڵەی گەورە تەنانەت ئەمڕۆش لە هێندێک لە وڵاتانی دنیادا باوە و دەبینرێ.



لەو بنەماڵە گەورانەی ئەو سەردەمەدا، یەکێک لە ئەندامانی هەرە بەتەمەنی بنەماڵەکە، جا پیاو یان ژن، دەبووە بڕیاردەری هەموو گرفتەکانی ئەندامانیتری بنەماڵەکە. ئەوە بڕیاردەر بوو دیاری دەکرد کوڕی ماڵ فێری چ کارێک بێ و تەنانەت هاوسەری بۆ منداڵەکانی دیاری دەکرد کە زۆرکات پتر بەمەبەستی دابینکردن و بەهێزکردنی باری ئابووری و لەئاکامدا بۆ بەهێزکردنی بنەماڵەکەیان بوو.



زەماوەندی مناڵان لە هیندوستان

مەبەستی سەرەکی هاوسەرگیری، بەهێزکردنی بنەماڵە بوو لە ڕوانگەی ئابووری و هاوپەیوەندی نزیک لەگەڵ بنەماڵە گەورەکانیتر. ئەوەش دەبوو بە هۆی پێکهێنانی یەکێتی و لەئاکامدا سەقامگیرکردنی باشتری بنەماڵەکان. لە ئورووپا هاوسەرگرتن لە رووی خۆشەویستیەوە بەو مانایەی ئەوڕۆ، لە سەردەمی رۆمانتیک، واتە سەدەی نۆزدەوە دەستپێکراوە.

ژن نەک هەر بۆ پێکهێنانی منداڵ، بەڵکوو وەک هێزێکی کارکەر و کارا چ لە ماڵ و چ لە دەرەوەی ماڵ، چاوی لێدەکرا. سەرەڕای ئەوەش، دەبوو نیوەی ماڵی هاوبەش وەک جیاز لەگەڵ خویدا بهێنێ. ماڵی زاواش دەبوو پارەیەکی زۆر بە ماڵی بووک بدەن، چونکە هێزێکی کارکەریان لێ کەم دەبۆوە. لەبەرامبەردا دەبوو ماڵی زاوا گەرنتی بووکیان بکردبایە کە لەکاتی مردنی هاوسەرەکەی، براکەی یاخود یەکێک لە نزیکانی، ئەرکی ئاگا لێبوون و بەخێوکردنی ژن و منداڵەکەیان وە ئەستۆ گرتبا. ئەگەریش بووک بمردبایە، دەبوو ماڵی بووک پارە وەرگرتوەکە (مارەییەکە)یان بدابایەتەوە بە ماڵی زاوا. دیارە ئەو پێکهاتنانەش لە هەموو شوێنەکان وەک یەک نەبوون و هەر کۆمەڵگایەك یاسای تایبەت بەخۆی هەبووە. بۆ نموونە، لە ئەفریقا مرۆڤ ئەگەر پارەی زۆری بایە و بەتایبەت ئەگەر ماڵی زاوا زەویەکی زۆریان هەبایە و پێویستییان بە هێزی پتری کرێکار بایە، کوڕی ئەو ماڵە دەیتوانی هاوکات چەند ژن بێنێت. تەنانەت ئەوانەی ژنی زۆرتریان بایە لە ناو کۆمەڵگادا شوێنێکی تایبەتیان هەبوو و بە چاوێکی باشتر سەیر دەکران. لە وڵاتانی ئیسلامی بە دانانی حەرەم دەیان و سەدان ژنیان هاوکات لە خۆ مارەدەکرد و ڕادەگرت.

له بڕێک له وڵاتانی دنیا تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش باو بوو منداڵە کچەکان لەناو بەرن، ئەوە بەشێک دەگەڕاوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵگا، و بەشێکیتریش بۆ هەستی شەرمەزاری لە هەبوونی کچ. لێرەدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی پیاوان، زۆر بە دژواری دەکرا بنەماڵەکان ژن بۆ کوڕەکەیان بدۆزنەوە، هەر بۆیە بۆ نموونە لە هیند و چین هەر لە تەمەنی زۆر کەمەوە، واتە لە ٦ ساڵییەوە مناڵەکانیان لێک مارەدەکردن.

## مرۆڤ چلۆن دەتوانن  لە کۆمەڵگای گەورەدا بژین؟



شای فەرانسە لودویگی چاردە لە ساڵەکانی (١٦٣٨ – ١٧١٥) گوتوویەتی :
**"دەوڵەت منم"**

مرۆڤ ناتوانێ بەردەوام ماوەیەکی زۆر بەتەنیا بژی و گیانلەبەرێکی بە گشت کۆمەڵگاییە کە بە هۆی تایبەتمەندیی سروشتیی خۆیەوە لە گرووپی بچووک و گەورەدا ژیان دەکات: دایک و باوک و منداڵەکان و ڕەنگە لەگەڵ دایە گەورە و باوەگەورە و خزمی نزیکیتر بنەماڵە پێکدێنن. چەند بنەماڵە پێکەوە گوند پێکدێنن. بنەماڵەی زۆرتر شارە بچووک و

گەورەکان پێکدێنن. هەورەها ئەو مرۆڤانەی زمان و دابونەریتی هاوشێوەیان هەیە نەتەوە پێکدێنن.
هەرکام لەو مرۆڤانەی لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە دەژین، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆیان هەیە وەک: ژیانی بەکۆمەڵ، ئاسایش و ئاسوودەیی و هتد...

لە لایەکیتریشەوە مرۆڤ ناتوانن و رێگەیان پێنادرێ ئەوەی پێیان خۆش بێ بیکەن، بەڵکوو بە پێی یاسا و دابونەریتی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک بۆ پێشێل نەکردنی ئازادی تاکەکانیتر لە ئازادی خۆی چاوپۆشی بکات.

ژیانی بەکۆمەڵ پێویستیی بە رێکخراوەیەک هەیە کە کاروباری بەشدارانی کۆمەڵگا بە گشتیی بەڕێوەبەرێ وەک: دانانی یاسا، دروستکردنی نەخۆشخانە، قوتابخانە، سەیرانگا و شەقامەکان، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵات و خەڵکەکانیتر، دانانی هێزی بەرگری، دابینکردنی کارەبا، ئاو، پێداویستییەکانی ژیان، دروستکردنی بەنداو و زۆر شتیتر کە ئەوە دەبێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەت. لەڕاستیدا دەوڵەت رێکخراوە یاخود ئەو ناوەندانەیە کە بە دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەرمرۆڤەکاندا و بۆ ئاسانکاری و بەڕێوەبردنی کار و کێشەکانی بەشدارانی کۆمەڵگا دامەزراون.

سەردەمی پێشوو و لە کاتەکانی زۆر زوودا دەوڵەت بەشێوەی هێزی تاک یا "شا" کە کەسێک دەبوە بڕیاردەر بۆ هەموو کۆمەڵگا، بەڕێوەدەچوو. زۆربەی ئەو شایانە خۆیان و بنەماڵەکەیان بە شتێکی ئیلاهی و تاقانە دەزانی و پێیان وابوو بەبێ ئەوان کۆمەڵگا هەڵناسووڕی و ئەوان لەلایەن خوداوە ئەو ئەرکەیان پێ ئەسپاردراوە کە ئاگایان لە خەڵک بێ و بڕیاریان

بەسەردا بدەن. دیارە بۆ ئەو بۆچوونەیان زۆر جار مرۆڤی ئایینیی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراوی ناو کۆمەڵگاکان پشتیوانییان لێدەکردن.



کۆشکی شا لە فەرانسە




ناپلئۆن (١٧٦٩ – ١٨٢١) تەواوی ئورووپای خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی.

بەشێکیش لەو دەسەڵاتدارانە بە زۆر و کەڵەگایی دەسەڵاتیان گرتووە کە دواتر ناوی دیکتاتۆڕیان لێناون وەک "هیتلێر"، "ناپلئۆن"، "ستالین"، و هتد... شێوەی حکوومەتی دیکتاتۆریی تەنانەت ئەمڕۆش لە هێندێک لە وڵاتانی دنیا دا هەر ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەوانەش، بیرۆکەی دێمۆکراسی لە یونان لە زۆر زووەوە لە دایک دەبێ و خەڵک خۆیان، ئیدارەکردنی وڵات بە دەستەوە دەگرن. بە زۆر بوونەوەی حەشیمەت نەدەکرا هەموو بەشدارانی کۆمەڵگا سەبارەت بە بڕیارەکان دەنگی خۆیان ڕاستەوخۆ بدەن. بۆ ئەوەیکە مرۆڤ هەموویان کاردانەوەیان لەسەر بڕیارەکان هەبێ، نوێنەریان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژارد و ئەو نوێنەرانە پارلەمانیان پێکهێنا کە هەموو بڕیارەکانی دەوڵەت لە لایەن پارلەمانەوە دەردەچوو. پارلەمان لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لە پێتەختی وڵاتەکان دامەزران.

ئەو مرۆڤانەی بیروباوەڕ و بۆچوونی نیزیک لەیەکیان هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و حزب پێکدێنن. بەو هۆیەی لە پارلەمان بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز لەسەر کێشەکان یاخود بڕیارەکانی کۆمەڵگا پێکدێن، نوێنەرانی حیزبەکان لەسەر بڕیارەکان دەدوێن و دوای شیکردنەوە، دەنگ لەسەر کێشەکان دەدەن و زۆرینەی دەنگەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی یاساکان.



پارلەمانی ئاڵمان

بە هۆی ئەزموونی چەند ساڵەی شێوەی حکوومەتەکان، شێوەی دێمۆکراسی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ شێوەکانیتر لە

هەموویان زیاتر ئازادی و ژیانێکی پڕ لە بەختەوەریی بۆ مرۆڤ بەدیاری هێناوە و بەرەبەرە لە تەواوی دنیا جێی حکوومەتەکانیتر دەگرێتەوە. دێمۆکراسی راستەقینە کاتێک بەڕێوە دەچێ کە بەتایبەت راگەیاندنە گشتییەکان وەک تەلەڤیزیۆن، رۆژنامە، کتێب و گۆڤارەکان، رادیو و ... بێ لایەن بتوانن بەئازادی، خەڵک لە کێشەکان و رووداوەکان ئاگاداربکەنەوە تا ئەوانیش بتوانن نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن.

## بۆچی مرۆڤ دژ به یەکتر شەڕ بەڕێوەدەبەن؟



ئەوە یەک لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی مرۆڤە، کە بە بێ هۆ و لەخۆوە شەڕیان نەکردووە. بەڵام بەداخەوە بە هەزاران ساڵ مێژوو هەمیشە بیانوو بۆ سازکردنی شەڕ بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکهاتووە. وەک: لە کاتی ڕاوکردن لەسەر شوێنی ڕاو و تەنانەت کاتێک مرۆڤ لە شوێنێکی نەگۆڕدا نیشتەجێی بوو، بیانووی زۆرتری بۆ هاڵایساندنی شەڕ هەبوو. شەڕ بۆ داگیرکردنی زەوی و گوند و شار و دارایی. شەڕ بۆ بەهێزڕاگرتنی ناوچە و بنەماڵە و دواتریش شەڕ بۆ ڕاگرتنی وڵات و شەڕی نەتەوەیی و ئایینی و ... .
تەنانەت برسی بوونی گرووپ یا نەتەوەیەک بەهۆی ویشک ساڵی یا هێرشی میرووەکان بۆ سەر مەزرا و لەناوبردنی دانەوێڵە و خواردەمەنییەکانیان، بوونەتە هۆی شەڕی مرۆڤاکان.



له سەرەتاوە بەشدارانی ئەو چەشنە شەڕانە پیاوانی ئازاو نەترس بوون و دواتر له کاتی دامەزرانی حکوومەتی پاشاییدا به کەڵک وەرگرتن له شەڕکەری بەئەزموون و راهێندراو، پیشەی سەربازیی پێکهاتووە و بۆ ئەو ئەرکەش مووچە تەرخان کراوە. تەواوی هەوڵی پاشاکان بۆ بەهێزڕاگرتنی دەسەڵاتەکەیان کۆکردنەوەی شەڕکەری لێهاتوو و گەورەکردنەوەی ناوچەی دەسەڵاتیان بووە. هەرچەند ناوچەکە گەورەتر بایە بەو ڕادەیەش زیاتر ڕێز و بایەخی پاشاکان دەچووە سەرێ و بەهۆی وەرگرتنی باجی پتر، خەزێنەکانیان دەوڵەمەندتر و پڕتر دەکرد. له لایەکیترەوە، هەرچەند شا و دەسەڵاتەکەی بەهێزتر بایە بەو ڕادەیەش زیاتر خەڵک هەستیان به ئاسایش و ئاسوودەیی له ژیانیاندا دەکرد و هەربۆیەش سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی شا و دارودەستەکەی که له خەڵکی ئاساییان دەکرد، ساڵیانی زۆری دەکێشا تا دژ به شاکان شۆڕش بکرێ و بیانرووخێنن.

هەر وەک له کتێبه مێژووییەکاندا هاتووە، به درێژایی مێژوو شەڕی زۆر گەورە و مەزن له مابەین نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا

بۆ وەدەستهێنانی هێز و ناوچەی دەسەڵات پێکهاتووە. بۆ نموونە:

- شەڕی مابەینی یونانی و ئێرانییەکان ٤٨٠ ساڵ پێش زایین لە ناوچەی "زالامیس" لەسەر بەدەستهێنانی هێز لە ئاسیای بچووک.
- ساڵی ١٥٨٨ کەشتییە سەربازییەکانی ئیسپانیا "ئارمادا" ویستیان ئینگلیس بگرن  کە لە لایەن ئینگلیسییەکانەوە توونا کران، دەنا ڕەنگە زمانی ئەمڕۆی دنیا بە جێی ئینگلیسی، ئیسپانیایی بایە.
- ساڵی ١٦٨٣ لە نزیک ڤینا پایتەختی نەمسا، سوپای عوسمانییەکان تێکشکێندران، دەنا ڕەنگە ئەمڕۆ ئایینی ئورووپاییەکان بە جێی مەسیحی، ئایینی ئیسلام بایە.

بەدوای هاتنی ئایینەکان، زۆربەی شەڕەکان ئیتر بۆ وەدەستهێنانی هێز و گەورەکردنەوەی ناوچەی حوکمرانی نەبووە، بەڵکو لەسەر جیاوازیی مابەین ئایینەکان شەڕیان ساز کردوە، وەک شەڕی سەلیبی (شەڕی خاچ پەرەستەکان) یا شەڕی ٣٠ ساڵە کە هەزاران کەس بوون بە قوربانی و تەنانەت ئەمڕۆش بە شێوەی نوێ ئەو شەڕانە هەر درێژەیان هەیە.

## تێکنیك و پێشکەوتنی چەک چ کاردانەوەیەکی هەبووە؟

لە چەکی زۆر ئاساییەوە وەک بەرد و دار، بەرە بەرە چەک پەرەی ساند و بە تێپەڕبوونی کات پێشکەوتووتر و سامناکتر بۆوە. ڕۆمییەکان ئیمپراتۆرییەکەیان بە شمشیری ئاسنی لە سکاتلەندەوە هەتا وڵاتە عەرەبییەکان گەورە کردەوە. لە سەدەی ناوەڕاستدا شمشیرێکی باش یەکێک لە سەرمایە هەرە گەورەکانی شەڕکەرەکان بوو و تەنانەت کاتی مردنیشیان شمشیرەکەیان لەگەڵ خۆیان لە گۆڕدا دەناشت. ئەو ئاسنگەرانەی شمشیری باش و تیژ و بە دەوامیان دروستکردبایە ڕێزێکی تایبەتییان هەبوو. هاوکات لەگاڵ شمشیر، تیروکەوان و نێزە وەک چەکی دوورهاوێژ کەڵکی لێ وەردەگیرا.



لە سەدەی چاردەوە تۆپی شەڕ و تفەنگیش هاتنە مەیدانەوە. پێش ئەوەی ئەم چەکەماڵوێرانکەرانە بێنە مەیدانەوە، شەڕکەرەی پێش لەشکەرکە لە باشترین شەڕکەرەکان

پێکدەهاتن و تا ئەو کات زۆر دژوار دەتوانرا تێک بشکێندرێن. بەڵام ئیتر بە هاتنە کایەی تۆپ و تفەنگ لە ڕێ دورەوە، خۆیان نەدەگرت و توونا دەکران. دۆزینەوەی چەکی مۆدێرن لە سەدەی بیستمدا، بە هاوکاریی پێشکەوتنە زانستی و تێکنیکییەکان گەیشتە ئەوپەڕی پەرەسەندنی خۆی و رەشاش. تانک، فڕۆکە، کەشتی ژێرئاو، چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی، راکێت و لە هەمووشیان سامناکتر بۆمبای ئەتۆمی و هایدرۆژێنی لە دەسکەوتەکانی ئەو پەرەسەندنە بوون. هەردووک شەڕی جیهانی نیشانیان دا کە شەڕەکان لەرادەبەدەر نامرۆڤانە و بێ بەزەییانە بەڕێوە چوون و تەنانەت خەڵکی ئاسایی و ژن و منداڵیش نەپارێزران. دەیان میلیۆن مرۆڤ کوژران، لە ماوەی کاتژمێرێکدا شارەکانیان لەناو دەبرد و تەنانەت بە هۆی هاویشتنی بۆمبای ئەتۆمی ئەمریکا، شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی ژاپۆن، لە چرکەیەکدا توونا کران.

ئەمڕۆ بە هۆی بەهێزتر بوون و هەبوونی چەکی ناوکی، مەترسی ئەگەری شەڕیکیتری جیهانی، یەکجار زۆر گەورەترە و هەموومان دەزانیین کە ئەو چەشنە شەڕانە جگە لە تووناکردنی گیانی دەیان میلیۆن مرۆڤ و لەناوبردنی ژینگە، هیچ دەسکەوتێکیتری نابێ. لە لایەکیتریشەوە ئەزموون نیشانی داوە کە کێشەکان نە تەنیا بە شەڕ چارەسەر ناکرێن، بەڵکوو ئاکامەکەی رق و کینەی زیاتریشی دەبێ. ئازایی و نەترسیی شەڕکەرەکانیش ئیتر بە هۆی ئەو چەکانەوە، ئەو مانایەی جارانی نەماوە چونکە ئەوە هێزی چەکەکانە کە چۆنیەتی شەڕەکە دیاری دەکەن نەک شەڕکەرەکان. بەداخەوە ئەمڕۆش لە گۆشەکانی ئەم جیهانە شەڕ تەنانەت لەمابەین نەتەوەکان و هەروەها مابەین مرۆڤەکانی ناو وڵاتێکدا پێک دێ چونکە مرۆڤ ناتوانن یاخود نایانهەوێ بە دیالۆگ و شێوەی ئینسانی کێشەکانیان چارەسەر بکەن. زۆربەی ئەو چەکانە لە لایەن

وڵاته پێشکەوتووه پیشەسازییەکانەوه بەرهەم دێ و به وڵاتانی دیکەی جیهان دەفرۆشرێ. ئێمه بمانهەوێ یا نا لەو خوێنرێژیانەدا شەریکین و دەبێ هەمووومان خۆمان به هەڵەکار بزانین.

## مانای پارە و سەودا چییە؟

کانزا و شتە بایەخدارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر ئەم ئەردە دابەش کراون. کەمتر شوێن هەن کە کانی ئاو، گەنجی ژێرزەوی، نەوت، گاز، رەژی، ئەڵماس و خوێ و هتد... تێدا نەبێ. تەنانەت هێندێک ئاژەڵ و گیاش هەن کە ماکەی بەکەڵکیان هەیە. زۆر لەمێژە ئەو چوشنە کالایانە یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ(گوڕینەوە)، یان بە شێوەی سەودا لە مابەین مرۆڤدا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ.



لەسەرەتای نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە شوێنێکی نەگۆڕ دیاردەیەک بە ناوی "پارە" بوونی نەبووە. هەر ناوچەیەک پێداویستییەکانی خۆی لەگەڵ ناوچەکانیتر دەگۆڕییەوە. بایەخ و نرخی پێداویستییەکان بەهۆی نایاب بوون و گرنگی شتەکان و لە لایەن سەوداکەرەکانەوە دیاری دەکران. بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی ئاڵۆزیی ئەم شێوە سەودایە، گۆڕینەوەی شتەکان ئیتر

مسووگەر نەدەبوو. بەرەبەرە زێڕ و زێو بایەخێکی زۆرتریان پێدرا و بوونە پێوەری گۆڕینەوەی شتەکان. "لیدیا"یەکان (Lydier) کە لە باشووری ئەوڕێی تورکیا دەژیان، بەهۆی خەزێنەی زێڕیی و سەودای زۆرەوە ببوە هۆی دەوڵەمەندبوونی تاقمێك مرۆڤ، هاتنە سەر ئەو باوەڕە بۆ ئاسانکاری لە بەکارهێناندا، بیچمی زێرەکان بگۆڕن و بۆ ئەوەی پەیتا پەیتا مەجبوور بە کێشانی قورسایی زێڕەکان نەبن کە زۆرجاریش هەڵەی تێدەکەوت، "سکە" دروست کەن کە هەموویان بایەخ و قورساییەکی وەک یەکیان هەبێ. بۆ ئەوەی رێگای ساختەچییەکان ببستن و لە بڵاوبوونەوەی زێڕ و زێوی ساختە لە ناو بازار پێشگیری بکەن، مۆری پاشایان لەسەر سکەکان هەڵدەکەند. یونانییەکان و ڕۆمییەکانیش لەو ئیدەیەی "لیدیا"یەکان کەڵکیان وەرگرت و سکەی خۆیان لێدا کە وێنەی خوداکان و حوکمرانانی کاتیی خۆیانیان لەسەر کەندەکاری دەکرد.



بەو شێوەیە، زۆر بەئاسانی سەودای مابەینی نەتەوە دوورەکانیش بەرێوە دەچوو و ئەوە بوە هۆی دروستبوونی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندن و سەودای کەلوپەلەکان. سەوداچییە دەوڵەمەندەکان وردە وردە فێربوون لە بەرامبەر بڕێک قازانج دا، زێڕ بە قەرز بدەن بە سەوداچییەکانیتر.

لە سەدەی ناوەڕاستەوە بانک پێکهات و ئیتر زۆربەی سەوداکان لەو ڕەهەندەوە بەڕێوە دەچوو. بەرە بەرە بۆ پڕۆژەی گەورەتر، وەک دروستکردنی کارخانە و بینا سازی و فرۆکەخانە و ... یارمەتییان لە بانکەکان وەردەگرت و دواتر بە دانەوەی پارەیەکی دیاریکراوی مانگانە یا ساڵانە لەگەڵ قازانج بە بانک، بانکەکان پەیتا پەیتا دەوڵەمەندتر دەبوون. بەمشێوەیە بناغەیەکی بەهێزی ئابووری پێکهات کە زۆربەی وڵاتە پێشەسازییەکانی ئەمڕۆ پێکهاتەی ئەو دیاردەیەن.

ئەمڕۆ ئەو کارە شتێکی زۆر ئاساییە و تەنانەت دروستکردنی ماڵ یا خانوچکەیەک بە بێ یارمەتی بانک مسووگەر نابێ. پارە بایەخێکی دیاری کراوی هەیە کە لەشێوازی کاغەز یاخود چەک و یان شێوازەکانیتر، لە لایەن دەوڵەتەوە دەسنیشاندەکرێ و سەودای پێدەکرێت. لە دنیای مودێڕنی ئەوڕۆدا کارتێکی بانکی لە هەموو شوێنێک بە بێ ئەویکە پوڵیشت پێ بی، دەڕوا و دەتوانی شتی پێ بکڕی یا سەودای پێ بکەی تەنانەت ئەمڕۆ دەتوانین بە کامپیۆتر لە ماڵەوە پارە بۆ ئەملاو ئەولا بنێرین.

## بەشی چوار: بیرمەند و هونەرمەندەکان

## بۆچی مرۆڤ باوەڕی بە خوداکان هەیە؟



لەو سەردەمەوە مێژووی مرۆڤ دەستیپێکردووە، هەوڵی تێگەیشتن لە دنیا، یەکێک لە چەمکە هەرە سەرەکییەکان بووە کە مێشکی مرۆڤی بەخۆوە قاڵ کردوە. دنیا و ئاژەڵ و گیا و گژ و ئەو هەموو کەش و هەوا جۆراوجۆرانە لەکوێوە هاتوون؟ بۆمەلەرزە و گڕکان و هەورەتریشقە و.. چلۆن پێکدێن؟ کێ رسقی ڕاوکەر دیاری دەکا و کێ ئەو هەموو دانەوێڵە جۆراوجۆرانەی بە زەوی بەخشیوە؟ کێ وەڵامدەرەوەی کاری خراپ و کارەساتەکانی سەر ئەو دنیایە یە؟

لەوەدەچێ لە پشت هەرکام لەو دیاردانە هێزێک شاردرابێتەوە. هێزێک کە زۆر لە مرۆڤ مەزنتر بێ. هێزێک کە مرۆڤ دەخوڵقێنێ، گەورەی دەکا و بەرەو توونا بوونی دەبا.

بڵێی هەڵوێستی ئەو هێزە بە قوربانیکردنی ئاژەڵ یا بە دۆعا کردن نەگۆڕدرێ؟ بڵێی هەڵوێستی هەڵەی ئێمە ئەو هێزە تووڕە نەکا؟

پێش ئەوەی ئایین پێک بێ، مرۆڤ لە پەیوەندی لەگەڵ دیاردەی نادیار، دیار و ناسروشتییەکان گەلێک پرسیاری لەخۆی کردوە، وەک: مەرگ چییە؟ بۆچی ئەوشتەی دەیخۆین دەبێ بیدەینەوە دەرێ؟ بۆچی گیانلەبەران دەخۆن، دەخوونەوە، ئاخافتن دەکەن و لەناکاوا بێدەنگ دەکەون و ئیتر هەناسە ناکێشن؟ سەرەڕای ئەوەیکە جەستەکەیان لەوێیە، ڕەنگە شتێکی کەم بێ کە ناتوانێ هەستێتەوە! بڵێی ڕۆحێکی نادیاری نەبێ کە لەشی بەجێ هێشتبێ؟ بڵێی ئەو رۆحە هیچ پەیوەندیەکی بەو شتە ڕاستییانەوە نەبێ کە مرۆڤ خۆی دەیانبینێ وەک: سێبەر، وێنەی خۆ لە ئاودا دیتن یا خەون. بڵێی خەوتن نزیکبوونەوەیەک نەبێ لە مردن؟ ڕەنگە رۆح دوای مردن هەر درێژە بە ژیان بدا!

گشت ئەو چەشنە پرسیارانە دووپات و دووپات دەبوونەوە. جاری واش بوو بۆ ماوەیەک لا دەچوون. بەو شێوەیە بە پێی بارودۆخ و پلەی بیرکردنەوەی مرۆڤ خوداکان پێکهاتن. تاقەمێک، خودای خۆیان لەناو ئاژەڵدا دەدیتەوە، هێندێک لە رۆژ و مانگ و کۆرپەکانی ناو کاکەشان، شوێنی دۆعا و ستایش یا روو بە ئاسمان بوو یا سەر لووتکەی کێو. دیارە چونکە خەڵکی ئاسایی نەیاندەتوانی هەروا لەخۆوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە خوداکانەوە بگرن، بۆ ئەو کارە پێویست بە مرۆڤی کاردان و ئاسمانیی هەبوو کە "پیاوانی خودا" پێک هاتن و دوور لە خەڵکی ئاسایی تەواوی کاتی خۆیان لە پەرستگەکان تێپەڕدەکرد. ئەوان خۆیان لە خەڵکی ئاسایی پێ ماقووڵتر بوو. ویست و هەڵوێستی خوداکانیان بۆ خەڵکی لێکدەداوە و

هاتوچووی ئەستێرەکان و هاتنی وەرزەکانی ساڵیان لەژێر چاوەدێریی خۆیان گرتبوو. ئەوان دەبوو بۆ ئەوەی خواکان تووڕە نەبن، کاتی قوربانی کردن راگرن و بۆ ئەو دابونەریتانەی وا دایانتاشیبوو، ڕێنوێنی خەڵکی بکەن. سەرەڕای ئەوانە، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەیان دیاری دەکرد و کاتی جێژنەکان و بۆنەکانیان بە بەرەکانی داهاتوو رادەگوێستەوە، و بەو شێوەیە رۆژژمێری و مێژووڕاگرتن لە دایک بوون.

رۆڵ و نەخشی پیاوانی خودا وێدەچوو زۆر گرنگ بێ و بەبێ ئەوان و رێنوێنییە ئیلاهییەکانیان، خەڵکی ئاسایی نەتوانن زیندوو بمێنن و درێژە بە ژیانیان بدەن! بە باوەڕی پیاوانی خودا، خواکان داواکارییان لە مرۆڤەکان هەبوو و ئەو داواکارییانە تەنیا لە رێگای ئەو پیاوانەوە بەڕێوە دەچوو، کە ئەوە بوە هۆی مانەوە و پێویستیی ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا.

لە کوتایی هەزارەی دووهەمی پێش زاییندا، لە ناوچۆمان و ناو ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەری ئەو ناوچەیە دەژیان، باوەڕ بە خودایەکی تاقانە کە بەردەوام لەگەڵ پاشای ئەوکات لەپەیوەندیدا بوو و لە لایەن ئەوەوە رێنوێنی بۆ خەڵکەکان دەنارد، پێکهات. پاشان بەڕێوەبەران و داهێنەرانی ئەو ئایینە، بە زۆربوونی لایەنگرانیان لە وڵاتی ئیسرائیلی ئەوڕۆیی یەکەم ئایینی ئیبراهیمی واتە (ئایینی جوولەکەیان) دامەزراند.

جیاوازی ئایینی یەهودی لەگەڵ ئایینەکانیتر ئەوە بوو کە خوداکەیان خۆی بە چارەنووسی تاک تاکی مرۆڤەکانەوە ماندوو دەکرد و لە کاتی دۆعا و ستایشدا لەگەڵیان دەدوا. مێژووی خەڵکی ئیسرائیل و کارلێکەری خوداکەیان، دواتر لە لایەن

پریستەکانەوە ئینجیلی کۆن(وەسیەتنامەی کۆن)ی لێ دورست کرا(ئایینی مەسیح).



یاسای هامورابی بەشێوەی بەردەنووس
٣٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا

٦٢٢ ساڵ دوای زایین، محەمەد ئایینی ئیسلامی پێکهێنا کە کتێبە ئاسمانییەکەیان قورئان بوو. زۆربەی گێڕاوەکان و رووداوەکانی ئەو ئایینەش هەر وەک ئینجیل، لە ئایینی موسا واتە ئایینی جوولەکە سەرچاوەی گرتبوو. سەرەڕای جیاوازی ئیدیۆلۆژیی مابەین ئەو ئایینانە، لە هەرسێکیاندا هێزێکی یەکێتی

لەناو لایەنگرانیانەوە بەدی دەکرێ کە بۆ بەڕێوەبردنی کاری ئەرێنی و نەرێنی لە مێژووی ڕابردووەوە تا ئێستا کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

## ئێمە مانای"چاکە" و "خەراپە" لەکوێوە دەزانیین؟



نیشانەی خودای دادپەروەریی

ژیانی بەکۆمەڵ بە باشی بەڕێوە دەچێ، ئەگەر ئێمە هەموومان یاساکان بەڕێوەبەرین و مافی ئەوانیتر پێشل نەکەین. لە کۆمەڵێکی بچووکدا ڕاگرتنی ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانە زۆر دژوار نییە: منداڵەکان لە دایک و باوکەکانەوە ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە فێر دەبن، مرۆڤ هەموو یەکتر دەناسن و هەڵەکان جا بەهۆی ئامۆژگاریی بێت یان سەزا زوو دەناسرێن و وەڵامدەدرێنەوە. بۆ زۆربەی دابونەریتەکان، بەڵگەی ئایینیی داتاشراوە. هەرکەس خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە ڕێک نەخات لە لایەن کۆمەڵەوە سەزا دەدرێت. زۆربەی ئەو هەڵسوکەوتانەش تەنیا لەناو کۆمەڵەکەدا دەسەلمێندرێن و بۆ بێگانە و لەناو کۆمەڵەکانیتر بەڕێوە ناچن! تا ئەمڕۆش سەرباز ڕێگای پێدەدرێت لایەنی دژبەر بکووژێ، تەنانەت خەڵاتیشی دەکەن. بەڵام کوشتنی سەرباز یا کەسی ناو کۆمەڵەکەی خۆیان کارێکی باش نییە و یاساغە. دیارە هەر کۆمەڵێک دابونەریت و

هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەستراوەتەوە بە فەرهەنگ و نەریتی هەرکام لە کۆمەڵەکان. ڕەنگە شتێک کە لای گرووپێک ئاسایی بێت بەڵام لای ئەوانیتر نا ئاسایی، بەڵام هاوکات لەناویاندا شتی وەک یەکیش گەلێك زۆرن. وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێ: **"ئەو شتەی ناخۆازی بەسەرت بێ، بەسەر کەسیشی مەهێنە".**

لە پێکهاتنی شارەکانەوە ئیتر ئەو کونترۆڵ و چاوەدێرییە نزیکەی نێوان مرۆڤ تا ڕادەیەك کەم بۆوە. مرۆڤ کەمتر یەکتریان دەناسی. زۆربەیان بۆ یەکتر بێگانە بوون. حوکمرانەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شار و ڕاگرتنی ئاسایش ناچار بە دانانی یاسا کران. ئەو یاسایانە کە دەبوو لە لایەن بەشدارانی کۆمەڵگاوە بەڕێوە بچن، دوای دۆزینەوەی "خەت"، وەک نووسراوە دەست بە دەست و بەرە بە بەرە بەیەکتر دەسپێردران.


بۆ پێشگری لە شەڕ و کێشەی مابەین جیران، یاخود هاوشارییەکان کە بۆ یەکتر بێگانە بوون، دەبوو بە بەشداری پاشا و دوو لایەنی کێشەکان و بەپێی یاسا چارە بکرێن. هەرکام لە لایەنەکان دەبوو ئامۆژگاریی و رێگاچارەکانی پاشا پەسەند بکەن. کە دواتر ئەو بڕیارانە لە لایەن پاشاوە وەک پیشە بە دادپەروەرەکان ئەسپێردرا. بۆ بەڕێوەبردنی یاساکان و کورتکردنەوەی دەستی خراپکاران، دادپەروەرەکان ناچار بە دانانی سەزای زۆر گەورە دەکران.

ئیتر ئەمڕۆ باس لە "مافی مرۆڤ" کردن بۆتە شتێکی زانستیی و مرۆڤی دادپەروەر ساڵیانی درێژ دەبێ وەک یانە لە زانستگەکان بیخوێنێ تا بە پلەی دادوەری بگات. بە کەرەسەکانی دۆزراوە بۆ ئەو مەبەستە و زانستی پێشکەوتووی ئەوڕۆ، زۆر بە راحەتی دەکرێ کێشەکان و رووداوەکان شی و

ڕوون بکرێنەوە. سەزاکانیش کەمتر بوونەتەوە و لە زۆربەی وڵاتانی دنیا سەزای کوشتن یاساغ کراوە. هەرکام لە مرۆڤ، بیروباوەڕیان، دابونەریتیان، بەختیان و چارەنووسیان گرنگن و دەبێ بپارێزرێن. باوەڕ بە مرۆڤایەتی بۆتە هۆی دانانی یاساکانی مافی مرۆڤ کە دەبێ هەر وڵات و حکوومەتێک رێزی لێبگرێ و بەڕێوەیان بەرێ و پێشلیان نەکات. هەرمرۆڤێک مافی هەیە ئازاد بێ، ئەشکەنجە نەکرێ، ئازادیی بیروباوەڕی هەبێ، مرۆڤەکان لە بەرامبەر یاسادا وەک یەک بن و یەکسانی مافی ژن و پیاو بەکردەوە بەڕێوە بچێ. هەر مرۆڤێک بتوانێ بە ئازادی پیشە و شوێنی کاری بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ، بەو مەرجەی مافی کەسانی تر پێشل نەکات.

ڕێکخراوەی لایەنگریی لە مافی منداڵان

## مەبەستی مرۆڤ لە خوڵقاندنی هونەر چییە ؟



ئەو کار و دۆزینەوانەی مرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ کردوە، هەر هەموویان بۆ دیتنەوەی پیداویستی سروشتیی ژیان نەبوون، بەڵکو برێکیان بۆ جوانکاریی بووە، بۆ ئەوە بووە کە خۆیانی پێ خۆشحاڵ کەن، بۆ هەڵاتن لە کاری دووپاتکراو و ماندووکەری رۆژانەیان بووە. هونەر، لە مۆسیقا و شێوەکارییەوە بگرە تاکو هۆندنەوەی شیعر، سەما، شانۆ و دروستکردنی نەخش و نیگار لە پلاستیک، دار، بەرد یاخود ئاسن دەگرێتەوە. بە گشت ئەو کارانە دەگوترێ هونەر. هونەرمەندەکان بە هونەرەکەیان نەك هەر جوانکاریی پێکدێنن بەڵکو هەست بە خوڵقێنەریی دەکەن کە هەستێکی گەلێك پیرۆزە. هونەر لەمرۆدا بۆتە پیشە. هەرکام لە نەتەوکان هونەری تایبەت بە خۆیان هەیە.



کاری ڕەسەنی هونەریی کە تەنیا بە ورەی هونەرمەند و بە مەبەستی جوانکاریی و بۆ دامرکاندنی هەستی دەروونی مرۆڤ خوڵقابێت، لە سەدەی نۆزدەوە و لە ئورووپاوە دەستپێکراوە. پێش و دوای ئەوەش زۆربەی کاری هونەری، یان لایەنی پیشەیی هەبووە یان بۆ خزمەتکردن و رێزگرتنی شا، خوداکان و یان بیروباوەڕی جیاواز پێکهاتوون. کۆنترینی ئەو مرۆڤانەی هونەریان خوڵقاندوە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان وێنەی ئەو ئاژەڵانەی راویان کردوون، کێشاویانەتەوە. تا ئەمڕۆش ئێمە نازانین مەبەست لەو کارەیان چ بووە، بەڵام گومانی ئەوە دەکرێ ئەو کارەیان بۆ رێورەسمی سەما و رێزگرتن لە ڕاوچی هەروەها دۆعاکردن، یان بە مەبەستی سێحر و جادوو بۆ بەختی مرۆڤ لە ڕاوگەکاندا خولقابێت. بۆ کاردانەوەی باشتری ئەم رێوڕەسمە، دەبوو تا ئەو جێگایەی دەکرێ، وێنەکان باشتر و سروشتیتر بکێشرێنەوە.



وێنەی سەر دیواری ئەشکەوت

پەیوەندی زۆر چڕوپڕی هونەر لەگەڵ ئاییندا، بۆتە هۆی وێناکردنی گەلێک جندۆکە و شەیتانی نادیار کە بە شێوەی مجەسمە و فیگۆر و ... و بۆ ترساندنی خەڵکی لە دۆخێکی ناحەز و ناشیریندا کێشراونەتەوە. بەو شێوەیە هەوڵی نیشاندان و جێکردنەوەی ئەو جانەوەرانەیان لەناو کۆمەڵگادا داوە. لە پەنا ئەویشدا بەهونەری گێڕانەوە و لاساییکردنەوە ئەوەندەیتر خەڵکییان هانداوە بۆ باوەڕهێنان بەو خوڕافاتانە. بەرە بەرە ئەو گێڕانەوە و لاساییکردنانەوە بوونەتە هۆی پێکهێنانی شانۆ و جێیەکی گشتیی بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە بارودۆخەکان و هەروەها بە مەبەستی رابواردنی کات.



هونەری مودێرن

مۆسیقا و سەماش بە نۆبەی خۆیان وردە وردە لە رێورەسمی کۆنی سەما و تەپڵ لێدانەوە کە بە بۆنە جۆراوجۆرەکان وەک کاتی شەڕ یان بۆ رازی ڕاگرتنی خوداکان دەگیران، بە ئەوپەڕی پێشکەوتوویی و فۆڕمی زانستیی خۆیان گەیشتن. هونەری گێڕانەوە زۆر لە خەت کۆنترە و زۆر لەمێژە دایک و باوکەکان چیرۆکیان بۆ منداڵەکانیان گێڕاوەتەوە. هەر وەک چیرۆکی رووداوە مێژووییەکەی سەردەمی بابلییەکان، "گیلگامێش" (٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین).



گوڕەپانی شانۆی رۆمییەکان لە ئیسرائیل ٢٠٠ ساڵ دوای زایین


## زانست چلۆن پێکهات؟





ئارستۆتلێس

کەنگێ و چلۆن دەبێ دانەوێڵەکان بچێنین تا بەرهەمی باشی لێوەرگرین؟ بە هۆی چاوەدێریی، تاقیکردنەوە و ڕاهێنان، مرۆڤ ئەزموونێکی زۆریان سەبارەت بە ژینگە کۆکردەوە و بەرە بەرە بە منداڵەکانی داهاتوویان ئەسپارد. زۆر زوو دۆزیانەوە ڕووداوەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان دووپات دەبنەوە. میوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ گەرمای هەوادا، لە وەرزێکی تایبەتدا دەگەن، ئەستێرەکانی ئاسمان بەپێی کات وێنەیەکی هاوچەشن بەخۆ دەگرنەوە و دانەوێڵەکانیش لە وەرزی تایبەت چەقەرە دەکەن.




زانیارییەکانی ئارستۆتلیس ٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا کە لەساڵی ١٤٩٣ ئەو نەخشەیەی دنیایان لێ دروست کرد



ئاڵفرێد نۆبێل (١٨٣٣ - ١٨٩٦)

پێش دۆزینەوەی خەت، زانست ڕەوتێکی زۆر هێدی هەبوو. بەدوای دۆزینەوەی خەت ئەو ڕەوتە زۆر بە خێرایی وەڕێکەوت چونکە زانیاری و ئەزموونی هەزاران زانای سەر ئەم هەردە بە نووسراوە ڕادەگیرا و بە وەچەکانی داهاتوو دەسپێردرا. زانیارییەکان وردە وردە هەر زۆر و زۆرتر دەبوون و پێویستی بە رێکوپێک کردن و جیاکردنەوە و جێبەجێ کردنیان، بووە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ. بەوهۆیەی بواری ئاژەڵ و گیا سیستمێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەو رێکوپێک کردنە گرنگییەکی گەلێك زۆری هەبوو. گیاوگژەکان بەسەر دوو دەستەی گەورەی "دار" و "سەوزی" هەروەها ئاژەڵەکانیش بەسەر دوو بەشی "ئاژەڵی سەر زەوی" و "ناو ئاو"،دا دابەش کران.

هەروەها بە پێی کات ئەزموونەکانی هونەرمەندانی دەستکار، ڕێکوپێک کران. وەستاکارانی بواری بیناسازی تایبەتمەندییەکان و پێوانەکانیان بۆ دروستکردنی بنەماکانی بیناسازی داڕێژرا. ئاسن سازیی ڕاچێتە (نوسخە)ی چۆنیەتی دروستکردنی ئاسنی تۆمارکرد. پیاوانی دەریا بۆ دۆزینەوەی وشکانییەکان لە ڕێگای ئاوەوە، نەخشەی پێویستیان کێشاوە.

سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموون، زانیاری و یاسا نازانستیانەی ئەو کات کە خوداکان وەک لێخوڕ و ڕێ پێشاندەری ئەم جیهانە دەناسران و ئەو باوەڕە باو بوو کە بەبێ ئەوان دنیا دەشێوێ، باوەڕێک هەبووکە دەیگوت: "دەبێ سروشت وا داڕێژرابێ کە مرۆڤ بتوانێ یاسا سروشتییەکان بدۆزێتەوە". باوەڕ بە تێگەییشتن لە سروشت، واتە فامکردن بەهۆی بیرکردنەوە، تەنانەت تا ئەوڕۆش یەکێک لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی زانستە. دیارە زۆریەک لەو بۆچوونە کۆنانەی زانایان بە هەڵە دەرچوون، بەڵام هەر ئەو بۆچوونە هەڵانە بوونەتە هۆی بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان. بەتایبەت بەشداریکردن و دۆزینەوە و پشکنین لەسەر ئەو کەرەسانەی وا هەستی مرۆڤ لە کاتی چاوەدێری باشتر و بەهێزتر لە خەو هەڵدەستێنن، یەکێک لە پێشکەوتنە هەرە مەزنەکانی مرۆڤ بوو و گەلێك دۆزراوەی گرنگی بەدوادا هات: دووربینی دوور و نزیک، میکرۆسکۆپ، کاتژمێر، کەرەسی پێوان، بارۆمتر، وڵت متر، تێرمۆ متر و هتد. بە بێ ئەو کەرەسانە، "هەست"ە سروشتییەکانی مرۆڤ بەتەنیایی ئەو توانایییەیان نەبوو ڕووداوەکان یاخود ڕاستییەکان بناسێ، لێکیان بداتەوە و بیانپێوێ. ئەوڕۆ ئەو زانیارییانەی بە هۆی ئەو کەرەسانەوە کۆکراونەتەوە، هێندە زۆرن کە هیچ مرۆڤێک بەتەنیا ناتوانێ سەریان لێدەربێنی. زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن بە هۆی گەورەبوون و چەند ڕەهەندیی تەوەرەکان دەبێ هەرکام

له مرۆڤ خۆیان له بەشێکی بچووکدا پەروەردە بکەن تا بەڵکوو بە شێوەیەکی زانستیی بتوانن وەڵامی پرسیارەکان لە ڕێگایەکی لۆژیکەوە بدۆزنەوە. تا سەدەی پازدەش مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە زەوی لە ناوەندی جیهان دایە و هەموو هەسارە و ئەستێرەکان بەدەوریدا دەگەڕێن. نیکولاوس کوپێرنیکۆس (Nikolaus Kopernikus) لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لە ڕاستیدا هەسارەی زەوی بە دەوری رۆژدا دەگەڕێ، هەروەها چارلز داروین (Charles Darwin) دۆزیەوە مرۆڤ تەنیا بەشێکی زۆر کورتی ڕەوتی گەشەسەندنی ئەم جیهانەیە. ئەمڕۆ سەبارەت بە دنیای گەردیلە بچکوولەکان و بێ کۆتایی بوونی گردون لێکۆڵینەوە دەکەین و دەزانین کە زەوی بەشێکی زۆر بچووکە لە گەردوون. تەنانەت وێدەچێ سروشت دەستی مرۆڤی بۆ پشکنین ئاواڵە هێشتۆتەوە ، تا بە یارمەتیی بیرکاری بتوانێ یاسا سروشتییەکانیش بدۆزێتەوە. ئەگەر بە دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکان باوڕ بە بوونی داهێنەری جیهان پووچەڵ دەکرێتەوە، لە لایەکیترەوە توانایی هێزی کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر دنیا دا دەسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەیکە تاقەمێک لە بیرمەندانی یوونانی مێشکی خۆیان بۆ دۆزینەوەی ناشەفافییەکان وەکارخستبوو، ئەمڕۆ زانیارییەکان بەسەر سروشتدا زاڵ بوون و ئەندازیاران و پسپۆران جیهانی تێکنیکییان بە شێوەیەك ئاڵوگۆڕ پێ هێناوە کە مرۆڤ تا ئێستا بە چاو نەیبینیوە.

## بەشی پێنج: ئەندازیاران و پسپۆران

### گرنگترین دۆزراوەکان کامانن؟

تەمەنی تێکنیك بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ کۆنە. زۆریەک لە داهێنانەکان، ئەو کەسانە کردویانە کە تەنانەت توانایی نووسین و خوێندنیان نەبووە. هێندێک کەرەسەی بەردێنی دۆزراونەوە کە مرۆڤی ٢ میلیۆن ساڵ لەمەوبەر وەک یەکەمین کەرەسە بەکاری هێناون. نزیکەی یەک ملیۆن ساڵە ئاگر دۆزراوەتەوە. ئەو داهێنەرە نەناسراو و بێ ناوانە بوون کە کەپر و خانویان دروست کردوە، ئاژەڵیان بۆ یەکم جار بە نێزە و تیروکەوان لە ڕێگای دوورەوە ڕاوکردووە، هەروەها بە دیتنەوەی چارشێوی کەشتیی(بادەوە) لە وزەی با بۆ وەڕێکەوتنی لۆتکە و کەشتی کەڵکیان وەرگرتووە، بینای مەزنیان لە بەردی زۆر قورس دروستکردووە کە دەبوو بە داشقە دەیان کیلۆمەتر ڕێگا بپێون و بە تەناف و ئەهرۆم (مەڵغە) جێبەجییان بکەن، کەڵکیان لە دەرزی و دەزوو وەرگرتووە بۆ پینە کردن و دوورینی جل و بەرگ لە پێستی ئاژەڵ، بەهۆی دروستکردنی لەنتەر ڕۆشناییان بە تاریکی ناو ئەشکەوتەکان داوە.



کوورەی بایی، یەکێک لە تاقیکارییە بەراییەکان بوو بۆ کارکردن و فۆڕم دان بە کانزا. لە یەکەم هەنگاودا بە یارمەتی چەکوش توانراوە فۆڕم بە کانزا دیتراوەکانی وەک زێڕ، زێو یا مس بدەن و دواتر توانیویانە کانزاکان بتوێننەوە و فۆڕمیان پێ بدەن و زمooودە(ئاودیدە)یان بکەن.



زۆربەی داهێنانەکان دەکرێ لە دوو دەستەدا پۆلینبەندی بکەین: یەکەم ئەو داهێنانەی یارمەتیدەرن بۆ هەستیارییە سروشتییەکانی مرۆڤ و پەرەیان بە توانایی لەشی داوە: کەشتی، شەمەنەفەر و فرۆکە، چەکەکان، ئاشی ئاو و با، ماشێنی هەڵم، موتور و وزەگەی ئەتۆمی، کەرەسەکانی کار بە گشتی، چاویلکە، دووربیبی دوور و نزیک، میکرۆسکۆپ، کاغەز، چاپ و تلەفۆن وکامپیۆتر و هتد. دووەم، ئەوانەی هەم بۆ هاسانکاری و راحەتکارین و هەمیش بەردوامی و دڵنیایی بۆ ژیانی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە: پێویستییەکانی ناو ماڵ بە گشتی، سینەما، شانۆ، تلەڤیزیۆن، رادیۆ، لامپ و کەرەسەی پزشکی و تەواوی ماکە کیمیاییەکانی وەک ڕەنگ و سابوون و جل شۆر و هتد.

دەبێ ئەوەش بگوترێ داهێنەری شتێکی نوێ(بە مانای لە دایکبوونێکی نوێ) زۆر کەم بوون و زۆربەی داهێنەران بەرهەمی پێشووی ئەوانیتریان بە هۆی زانستی نوێی کیمیا،

فیزیک، بیرکاری، ئەلکتریکی و ماگنێتی و رادیۆئاکتیڤ و... دووبارەسازی یاخود کامیلتر کردوە و داهێنانێکی نوێیان لێ دروست کردوون. پێشکەوتوویی لە بواری زانستی و تێکنیکیەوە بەتایبەت لە ٢٠٠ ساڵی رابردوودا، بەشێوەیەکی هێندە خێرا بەڕێوە چوو کە بە تەواوی شێوازی ژیان و ژینگەی کاری مرۆڤی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گۆڕیوە. بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییە کارلێکەرییەکی زۆری لەسەر پیشەسازی داناوە. جاران پێداویستییەکان لە ژمارەیەکی کەم بە دەست و تەنیا بۆ ناوچە دەوروبەرەکان دروست دەکران، بەڵام ئێستا لە کارخانە و بەهۆی کەرەسە تایبەتەکانی وەک "رۆبۆت" کە گەلێك خێراتر لە مرۆڤ کار دەکەن، پێداویستییەکان لە ژمارێکی گەلێك زۆرتر و بۆ هەموو وڵاتانی دنیا دروست دەکرێن. ساڵی ١٩٠٨ "هێنری فۆرد" بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمی کارخانەکەی واتە ئۆتۆمبێل سازی، سیستەمێکی داهێنا کە ئیتر کار لەسەر ئۆتۆمبێل و ساز کردنیان بە شێوەی جووڵانەوە لە بازنەیەکدا و پلە بە پلە و بە بێ ڕاوەستان بەڕێوە دەچوو (بۆ نموونە ئەمڕۆ کارخانەی فۆڕدی ئاڵمان لە ٢٤ کاتژمێردا زیاتر لە ٢٠٠٠ ئوتوموبیل دروست دەکات.)



باشیی ئەو شێوە بەرهەمهێنانە ئەوەیە کە بە هۆی ژمارەی زۆری بەرهەمەکە و ئەوەیکە وەک جاران تەنیا بە دەستی مرۆڤ دروست ناکرێت، بەڵکو بە ماشێن(وەک رۆبۆت)،بەرهەمدەهیندرێ، لە ڕوانگەی ئابووریەوە بۆ کارخانەدارهەرزانتر تەواو دەبێ و لەئاکامدا کڕیار دەتوانێ بە نرخێکی هەرزانتر لە پێشوو بیانکڕێ. خراپی ئەو سیستەمە ئەوەیە مرۆڤ واتە کرێکار، بەستراوەتەوە بە هێزی رۆبۆت و کامپیۆترەوە، ئیتر ئەو بەیەخ ومانایەی جارانی نییە و بەهۆی دووپاتەکردنەوەی بەردەوامی ئەو کارەی بەڕێوەی دەبا، ئیتر توانایی بیرکردنەوە بۆ شتی نوێی تێدا کز دەبێ و گەشە ناستێنێ.

## مرۆڤ دنیای خۆی چلۆن وێنا دەکات؟


داهێنانەکان و دۆزراوەکانی زۆربەی نەتەوەکانی ئەم هەردە، کارلێکەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی هەنوکەیی مرۆڤ داناوە. زۆربەی پێداویستییەکانمان چاولێکەرانە و لاساکردنەوەی نەتەوەکانیترە، جا لە زمانەوە بگرە تا پیتەکان، خەت و هتد. بۆ نموونە، پولێنبەندی کات، واتە (٦٠ چرکە، ٦٠ خولەک ..)- لە سۆمێرەکان وەرگیراوە. کاکائۆ، تەماتە، پەتاتە و گەرمەشانی و تووتن، دوای دۆزینەوەی قوڕنەی ئەمریکا هاتوونەتە ئورووپا. برینج و چایی، چینی و پەشم، کاغەز و جەمسەرپێو(قوتبنما)، لە چینییەکانەوە بە ئێمە گەیشتوون. ئێمە تەواوی ئەو کەرەسە، شتومەك و داهێنانەکانمان لە یەکتر وەرگرتووە و زۆر بەئاسایی کەڵکیان لێ وەردەگرین.



دنیای ئەمڕۆی ئێمە، "مرۆڤ" دیاریی دەکەن نەک وەک پێشوو "سروشت". دیارە ئەو کارەش قازانج و زەرەری خۆی هەیە. هەر شتێکی پێمانخۆشبێ لە هەر وەرزێکی ساڵدا دەتوانیین بیکڕین. تەنانەت لە وەرزی زستانیشدا دەتوانین زۆربەی میوە و سەوزەکانی کە لەگۆشەیەکی دیکەی ئەم هەردە بەرهەم دێت، بیکڕین. مرۆڤی ئەمڕۆ بەهۆی تێکنیکەوە زۆر

خێراتر لەجاران کار و پێداویستییەکانیان جێبەجێ دەکەن. بە ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فڕۆکە دەتوانیین لە کاتژمێرێکدا لەم سەری دنیاوە بۆ ئەوسەری سەفەر بکەین. زۆر لەمێژ نییە مرۆڤ بۆ هاتوچوو کردن دەبووا کاتێکی زۆر تەرخان بکات و بۆ سەفەری رێگای دووریش تێچووەکەی هێندە زۆر بوو کە تەنیا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی لە باری ئابوورییەوە دەرەقەتی بێن. ئیتر وەک جاران ماوەی کار کردن زۆر نییە. بۆ نموونە لە ئاڵمان ماوەی کارکردن لە حەوتوودا ٣٨ تا ٤٠ کاتژمێرە کە لەمەوپێش، ٦٠ تا ٧٠ کاتژمێر بووە. بەوهۆیەی ماشێنە پیشەسازییەکان زۆربەی کارەکانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان، مرۆڤ کاتی کاریان کەم دەبێتەوە و دەتوانن بۆ رابواردن کاتی زیادتر بۆ بنەماڵەکەیان تەرخان بکەن. تا چەندساڵ لەمەوبەر لە ئورووپا بەهۆی نەبوونی خواردەمەنی، برسییەتیی بەرۆکی خەڵکی گرتبوو. بەڵام ئێستا بەرهەمەکان زۆر لەوە زیاترن کە مرۆڤ پێویستییان پێی هەیە. جاران بۆ ناردنی نامە و گەیشتنی بە مەنزڵ، حەفتە و تەنانەت مانگی دەکێشا. ئەمڕۆ بەهۆی تلەفوون و فاکس و کامپیوتر لە چرکەیەکدا پەیوەندیی دەگیرێ. رادیۆ و تلەڤیزیۆن و مێدیاکان، هەواڵی رووداوەکانی جیهان ڕادەگەیینن. مرۆڤ ئاگای لە تەوای دنیا هەیە. بە هۆی مانگی دەسکرد(ماهوارە) لە هەر گۆشەیەکی دنیا شتێک روویدا، لە ماوەیەکی کورتدا هەموو جیهان لێی ئاگادار دەبن. بەهۆی خورادەمەنی باشتر لە جاران و پاک و خاوێنی و هەروەها بوونی دەوا و دەرمان، ماوەی ژیانی مرۆڤ بەرزبۆتەوە. تەمەنی مامناوەندی لە ئاڵمان بۆ پیاو ٧٨ و بۆ ژن ٨٢ ساڵە. بە گشتیی، مرۆڤی هەنوکەیی زۆر باشتر و سالم تر لە وەچەکانی پێشووی خۆی ژیان بەسەردەبا.

## ئایا مرۆڤ دەبێتە هۆی تووناکردنی ژینگەی خۆی؟



ژیانی ئەمڕۆی ئێمە سەرەڕای ئەو هەموو قازانجانەی باسمان لێکرد، لایەنی خراپ و زیانباریشی هەیە. بەهۆی پیشەسازی و گەورەبوونەوەی چوارچێوەی کار و دووربوونی جێگای کار لە ماڵەوە، سەرەڕای کەم بوونەوەی ماوەی کار، مرۆڤ ئیتر وەک جاران لەماڵێ و نزیک ژینگەیان کار ناکەن و تەنانەت هەندێکیان، مەودایان بە کاتژمێر لە جێگای کاریان دوورن. ئەوە لە لایەکەوە پێویستی بە "کاتی زۆر" و "وزە"وە هەیە و لە لایەکیتریشەوە بەهۆی هاتوچووی زۆر، بەتایبەت لە شارە گەورەکان، ژینگە بەردەوام پیس دەکرێت. بۆ بەرهەمهێنانی هەرچی زۆرتری پێداویستییەکان بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ماکەی کیمیایی بۆ لەناوبردنی ئافەت بەکاردەهێندرێ کە ئەوە کارلێکەری نەرێنی لەسەر بەرهەمەکان دادەنێ. بۆ دابینکردنی خواردەمەنی، بەراز و گوێلک و مانگا و مریشک بە شێوەی کارخانەیی پەروەردە دەکرێن کە دەبێتە هۆی ژیانێکی کورت و ناخۆش و ناسورشتی بۆ ئەو ئاژەڵانە.



دیارە هەروەک گوتمان مرڤ بەهۆی کەم بوونەوەی ماوەی کار، کاتێکی زیاتریان بۆ ڕابواردن هەیە. بەڵام بە داخەوە زۆربەیان ناتوانن لەو کاتە بە باشی کەڵک وەرگرن. هەندێکیان بە دیاریی تلەڤیزیۆنەوە دادەنیشن و تاقەمێکیش کاتیان بە کڕینی شتی بێ کەڵکەوە رادەبوێرن. کەسانێکیش لە بێکاری روو دەکەنە مەیخانەکان و دەبنە ئەڵکۆڵیی یاخود پەنا بۆ مادە سڕکەرەکان دەبەن. تەنانەت هێندێکیش دەست دەکەن بە کاری خراپ و پیاو کوژی.

شارەکان بەردەوام گەورەتر دەبنەوە و بە داخەوە هەرچەند گەورەتریش دەبنەوە بەو رادەیەش بێ بەزەیی و ئاکاری مروڤانە و سۆزداریی کەمتر دەبێتەوە. جیرانەکان یەکتر ناناسن. تەنانەت ناوی یەکتر نازانن. پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەو مرۆڤانەی یەکتریش دەناسن بەهۆی دنیای کامپیۆتر لێک کشاوەتەوە. بەهۆی زۆربوونی ئۆتۆمبێل و تەنگبوونەوەی ماڵەکان ئیتر منداڵەکان لە شارە گەورەکاندا مەودای یاریکردنیان لە شوێنە سروشتییەکاندا نییە و ناچار بە یاری لە پارکە سازکراوەکان دەکرێن.



تێکنیك و پێشکەوتن ئەگەر لە لایەکەوە ژینی مرۆڤەکانیان ئارامتر و باشتر و ئاسانتر کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە لەلایەکیترەوە بەهۆی سازکردنی چەکی مودێڕن کە لە ڕێگای دوورەوە دەتوانێ بە چرکەیەک شارێکی گەورە توونا بکات، مەترسییان بۆ مرۆڤ سازکردووە.

پڕۆپاگەندای ڕێکلامەکان کارێکیان کردوە کە خەڵک زۆر لەوە زیاتر شت دەکڕن کە پێویستییان پێی هەیە. ئەوە بۆتە قەرزدار بوونی تاکەکان و چوونە ژێر باری قەرزی بانکەکان. تازە ئەو شتانەی دەیکڕن هێشتا کەڵکێکی وایان لێ وەرنەگرتوە فڕێی دەدەن و زبڵی لێ ساز دەکەن کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو زبڵانە لە ماکەی کیمیایی دژ بە ژینگە پێکهاتوون. لێرەوارەکان لەناو چوون، زێ و زەریاکان پیس کراون و ئیشك هەڵگەڕاون، کارێکی وامانکردوە کە بە هۆی پیس بوونی کەش و هەواوە، ژیانی زۆریەک لە ئاژەڵ و باڵدارەکانمان خستۆتە مەترسییەوە. بەهۆی سوتاندنی ماکەکان و هاتوچووی لە رادەبەدەری ئۆتۆمبێل و فڕۆکەکان و دووکەڵی کارخانە و بەکارهێنانی زیاتری وزە، ئاڵوگۆڕمان بەسەر کەش و هەوای

زەویدا هێناوە. بە هەڵکشانی پلەی گەرمای زەوی، بیابانەکان بەرفراوانتر دەبنەوە، بەفری جەمسەری زەوی دەتوێتەوە و ئاوی زەریاکان بەرزدەبنەوە، لە لایەکەوە بەرزبوونەوەی ئاوی زەریاکان دەبێتە هۆی تووناکردنی سەرچاوەی ئاوی شیرین و لەولاشەوە پێشبینی دەکرێ کە لە چەند دەیەی داهاتوودا شارەکانی لێواری زەریاکان دەکەونە ژێر ئاوەوە.

## ئایا دەتوانین ژینگە و زەوی رزگار بکەین؟

هۆی جۆراوجۆری ئەوکارەساتانەی بەسەر ژینگەدا هاتووە: سەرەڕای گیرۆدەبوونی لە ڕادەبەدەری مرۆڤ بۆ پارەپەیداکردن و دەوڵەمەندتر بوون، لە پێش هەمووشتێکەوە، ئاوڕ نەدانەوەی مرۆڤە بەرپرسەکانە کە دەبوو بە چاوەدێری، بیانتوانیبایە هەوساری بەرزبوونەوە و پەرەسەندنی رێژەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە کونترۆڵ بکەن. مرۆڤ لە ژیانیدا هەمیشە ناتەبایی لەگەڵ سروشتدا هەبووە. هەر بۆیەش زۆر شتی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو شتانەی داهێنەرەکان بە مەبەستی ئەرێنی دۆزیویانەتەوە، لەئاکامدا و بە پێی تێپەربوونی کات، کەڵکی نەرێنی لێ وەردەگیرێ و کێشە بۆ کۆمەڵگا ساز دەکات.



بۆ نموونە، کاتێک کشتوکاڵ دۆزرایەوە، هیچ کەس نەیدزانی کە ئەوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی شارستانییەت و پاشان پێکهاتنی شارە گەورەکان. کاتێک ئۆتۆمبێل دروستکرا تەنیا بە مەبەستی هاتوچوو کردن بوو، ئەوکات کەس شیمانەی نەدەکرد رۆژێک دێ کە بە دووکەڵەکەی لێرەوار لەناو بچن.

به داخەوە پرۆسەی توونا کردنی ژینگە و لە نەهایەتدا زەوی، دەمێکە دەستپێکراوە. سەرڕای ئەویکە زۆر سەبارەت بەو کارەساتە ئاخافتن دەکرێ و مرۆڤ هویەکان و مەترسییەکانی دەناسێت، تامەزرۆیی سیاسی و ئابووری جیهانی تا ئەوڕۆ نەیهێشتووە رێگا چارەیەک بۆ ئەو کێشە گرنگە بدۆزرێتەوە.

بڵاوبوونەوە و بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری حەشیمەتی سەر زەوی لە چەند سەدەی ڕابردوودا، یەکێکیتر لەو هۆیانەیە کە نەتوانین بە چاوێکی گەشبینەوە سەیری داهاتوو بکەین. ٨ هەزار ساڵ بەر لە زایین تەنیا ٧ میلیۆن کەس لەسەر زەوی دەژیان. ساڵی ١٨٠٠ نزیکەی یەک میلیارد و ساڵی ١٩٣٠، دوو جار پتر، واتە گەیشتە ٢ میلیارد کەس. لەو ماوە کورتەی دواییشدا بۆتە ٨ میلیارد.

ئەمڕۆ سەرەڕای فراوانی خواردەمەنی بۆ هەموو مرۆڤی سەر زەوی، لە ڕۆژدا نزیکەی ٤٠ هەزار منداڵ لە برسان دەمرن. لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، کە ئاڵمانیش یەک لەوانە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جێگاکانیتر زیاتر لە پێویست "خواردەمەنی"، "وزەکان" و "ماکەی خام" بەکاردەهێندرێ. ڕەنگە ئێستا برسی بوونی هێندێک لە مرۆڤ بەهۆی بەشکردنی نادادپەروەرانەی سامانی جیهان بێت، بەڵام بەپێی پێشبینییەکان ماوەیەکی زۆر ناخایێنێت و ئیتر خواردەمەنی بەڕادەی پێویست بۆ هەمووومان نامێنێ. ئەوەش دەتوانێت ببێتە کێشەیەکی گەورەی مابین باشوور و باکوور، یاخود هەژار و دەوڵەمەند.

سەرەڕای ئەوهەموو کێشانە دەتوانین هیوادار بین ژینگە و زەوی ڕزگار بکەین:

- ئەگەر نەتەوەکان چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ڕێگای شەڕەوە نەکەن و پارەی پێویستیی ئەو شەڕانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژینگە، خواردەمەنی، دەوا و دەرمان و قوتابخانە تەرخان بکەن،
- ئەگەر بتوانین پێش بە زۆربوونی حەشیمەت بگرین،
- ئەگەر مرۆڤی وڵاتە دەوڵەمەندەکان، یارمەتیی وڵاتانی جیهانی سێهەم بدەن،
- ئەگەر تەکنەلۆژیا بە قازانجی ژینگە بۆ هاتوچوو و کشتوکاڵ و ... داهێنانی نویێ بکات.

خاوێن ڕاگرتنی ژینگە تەنیا ئەرکی سیاسەتوانان نییە. هەرکام لە ئێمە بۆ بەرگری لە تووناببوونی ئەم جیهانە دەتوانیین هەنگاوی بۆ هەڵێنینەوە:

- ئێمە دەبی لەو کەرەسە و ئامێرانەی بۆ ژینگە زەرەریان هەیە کەڵک وەرنەگرین و بەکاریان نەهێنین.
- زبڵ و خاشاک کەمتر پێک بێنین و تا ئەو جێگایەی دەکرێ، دەست بە وزەوە بگرین و لەخۆوە بەکاری نەهێنین.
- دەبێ هەوڵ بدەین ژینگە ڕێکوپێک بکەین.

**دەنا دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە هاتنی وەچەی کۆتایی ئینسانەکان، واتە "هۆمۆ ساپییەن" بۆ سەر گۆڕەپانی ئەم جیهانە تەنیا هاتنێکی کاتیی بووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان توونا دەبێ، چونکە سەرەڕای ناسینی هۆکارە تووناکەرەکانی خۆی، هەوڵی پێشگیریی لەو کارەساتە نەداوە!**